# ئیرادەی گەلی کوردستان و بەرژەوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەڵامێکی بەهێزن بۆ هەڕەشەکانی تورکیا




رزگاری

سەربەخۆیی    دیموکراسی    دادپەروەری کۆمەڵایەتی

## لەم ژمارەیەدا

نائارامی کوردستان بەپاساوی سەقامگیری ناشاردرێتەوە ......... کوردۆ ساڵح ل٢

حەبیبە بابان لە دیمانەیەکی رۆژنامەی رزگاریدا ...... دیداری سەباح شێخانی ل٦

ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان | ٨ لاپەرەیە | ژمارە (١٧٦) پێنج شەممە ١ی شوباتی ٢٠٠٧ ـ ١٢ی رێبەندانی ٢٧٠٦ی کوردی | نرخی (٥٠٠) دینارە

## ڕێبازی رزگاری

زوڵم و زۆرو سەرەرۆییەکانی رژێمی سەدام لەوە دەرچوو بوون کە تەنیا هەرەشەیەک بێت بۆسەر گەلانی عێراق و کوردستان بەتایبەتی،بەڵکو چاوتێبرین و بیری شۆڤینیستانەی ئەم رژێمە وایان کرد کە خۆیان بە (قائیدی عروبە) دەزانی و چاویان لە داگیرکاری دەوڵەتانی ناوچەکە بریبوو بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی دەوڵەتان لەگەڵ یەک و، گەورە دەوڵەتانی جیهان لەم ناوچەیە بکەن.

سەرەرۆییەکانی ئەم رژێمە وایکرد کە گردبوونەوەو کۆدەنگیەکی هەمە لایەنەی دبلۆماسی و سەربازی نێو دەوڵەتی لەدژی ئەم رژێمە سازبکرێت، بێگومان ئەو کۆدەنگییە هەماهەنگ و هاورابوو لەگەڵ ویستوخواستی گەلانی عێراق بەسەرجەم پێکهاتە جیاوازیەکانیەوە.

دوای رووخانی رژێمیش دەوڵەتانی ناوچەکەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی،لەسەر بنچینەو پێشهاتە جیهانی و رەوشی ناوخۆی عێراق هەریەکەو بەشێوەیەک بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی خۆی دادەرێژێتەوە، ئەم دارشتنەوەیەش بۆ نێو خۆی هەر دەوڵەتێک لەسەر بنەمای کۆمەڵێک چەمک و ئەگەر پراکتیزە دەکرێت، کە بۆ ئەم وڵاتانەو ئایندەی دبلۆماسی و رەوشی ئابووری و سیاسیان چارەنووسسازە.

ئیرادەی گەلانی ناوخۆی عێراق و کوردستان بەتایبەتی فاکتەرو کاراکتەری سەرەکی هەر دیاردەو شرۆڤەیەکی ناوخۆیین و لە هەر ئەگەر و پێشهاتێک یان لەنێو هەر هاوکێشەیەکدا ناتواندرێت لە ریزی پێشەوە دانەنرێت، هەروەها بوونی بەرژەوەندی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە عێراقدا، ئەم دوو فاکتەرە کاریگەرە واتە ئیرادەی جەماوەری کوردستان لە پێشەوەو بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لە دووەم جاردا وەڵامێکی پر بایەخ و بەهێزن بۆ تورکیا کە ناوە ناوە لەزۆر بۆنەی جیاجیادا لێدوانی هەرەشە ئامێز دەدەن بەزمانی بیست و سییەکانی سەدەی رابردوو دەئاخڤن، خۆ لەوە گێل دەکەن کەلە هەڵەیەکی کوشندەی سەربازی وادا رووبەرووی ئیرادەو هێزی پێشمەرگەی بە ئەزموونی کوردستان دەبنەوەو هەست و رقی حەق خوازانەی گەلی کورد لەهەرچوار پارچەی کوردستانی زوڵم لێکراودا دەوروژێنن، جگە لەوە هەرەشەکردن لەبەرژەوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پارویێکی چەورەو بە تورکیا قوت نادرێت.

ئیمرۆ کوردستانیش بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەی گۆرانکاری جیهانی، سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەو بەرەو پێشچوون و بەدیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای کوردستان و بە مەدەنی کردنی دامەزراوە حکومیەکانیەتی.

بۆیە ئاسان نییە تورکیا چاو لە باکگراوندە خراپەکانی لەبواری مافی مرۆڤ، پرسی دیموکراسی، زەوت کردنی مافی گەلی کورد لە وڵاتەکەیدا، کێشەی قەتل و عامی گەلی ئەرمەن و قوبرس بنوقێنێ و ئەم سەرکێشیە بکات.

## بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان

**تایبەت بە رزگاری**

بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی وتەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پێدەچێت کە بودجەی ئەمساڵ دوو هێندەی ساڵی رابردوو بێت، کاوە عبداللە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە رزگاری راگەیاند: بودجەی ئەمساڵی پارێزگا لە جیاتی ئەوەی وەکو ساڵی رابردوو بدرێتە ئەنجوومەنەکان، بەڵام ئەمساڵ دەدرێتە حکومەتی هەرێم و بڕیار وایە لە رێگای ئەوانەوە بدرێتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئێمە زۆر نارازین بەو بڕیارەو بە توندی رەتی دەکەینەوە چونکە ئەوە حیساب نەکردنە بۆ سیستەمی لامەرکەزی. دەربارەی بڕی بودجەی ئەمساڵی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەرێزیان وتی: بە بڕوای من دەبێ بودجەی ئەمساڵ دووهێندەی ساڵی رابردوو بێت کە ٧٩ ملیار دینار بووە، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣١ تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦ بودجەی وەرگرتووە و ٨٢ پرۆژەیان پێ ئەنجامدراوە.

## لە نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ لەبەر رووناکی مۆبایل نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت

**پەیامنێری سلێمانی:** بەهۆی نەبوونی کارەباوە لە نەخۆشخانەی گشتی شەهید (پێشڕەو) لە چەمچەماڵ لەکاتی لە دایکبوونی منداڵێکدا لەبەشی لە دایک بوونی ئەو نەخۆشخانەیە، مۆبایلێکیان داناوە بۆ بینینی نەخۆشەکە، ئێوارەی ٢٠٠٧/١/٢٧ لە نەخۆشخانەی ناوبراو ئاگرێک دەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی بڕانی کارەبا لەو نەخۆشخانەیەو لەبەر نەبوونی موەلیدەو هیچ ئامێرێکی تری کارەبایی بۆ رووناک کردنەوەی ژوورەکانی ئەونەخۆشخانەیە کە نەخۆش دەبرێنە نەخۆشخانەکە لەبەر رووناکی مۆبایلدا چارەسەر دەکرێن بەگوێرەی وتەی بەرێز (حەمە عەزیز سەنگاوی) ئێوارەی هەمان رۆژ هاوسەرەکەی لەبەر رووناکی مۆبایل منداڵی بووە، بۆیە ناوبراو بڕیاریداوە ناوی بنێ رووناکی، هەمان ئێوارە لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشێکدا مۆبایل بۆ رووناک کردنەوە بەکاردێنن سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا چواربەشی ئەو نەخۆشخانەیە داخراون، جگەلەوەی هیچ (W.C)یەک ئاوی تیادا نیە بەهۆی خراپی بۆڕیەکانیەوە.

## مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار لەژێر دروشمی (مانگرتن تاوەکو لابردنی راگر)ماندەگرن

**پەیامنێری کەلار** : مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار لە ١٧- ٢٣ /١/ ٢٠٠٧ ماندەگرن و دواتر خوێندکارانیش پشتگیریان دەکەن، دوای قەناعەت پێکردنیان لەلایەن لیژنەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە مانگرتنەکەیان دەشکێنن.

بەهۆی ڕێزنەگرتن مامۆستایان لەلایەن راگرەوەو چەندین مامەڵەی نەشیاوی تری راگر بەرامبەر مامۆستایان و خوێندکاران هەروەک لە بەیاننامەیەکدا هاتووەو وێنەیەکی دەستی رۆژنامەکەمان کەوتووە، مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار ماندەگرن بە بەرزکردنەوەی داواکاری و هەڵوێستی مانگرتن تاوەکو لابردنی راگر، بەڵام دوای چەندین کۆبوونەوەی جیاواز لەنێوان نوێنەرانی مامۆستایانی پەیمانگاکەو هەریەکە لە قایمقامیەت و خوێندکاران و لیژنەی وەزارەتی خوێندنی باڵا رۆژی ٢٠٠٧/١/٢٤ مانگرتنەکەیان شکاندو دەستیان بەدەوامی ئاسایی خۆیان کردەوە بەڵام هەڵپەساردنی مانگرتن تائەوکاتەیە کەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچێت و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارو فەرمانانەی کەلەماوەی ئەومانگرتنەدا دەرچووە.ئەگەرهاتو ئەو داواکاریانە جێبەجێنەکران ئەوا دووبارە مانگرتن دەست پێدەکاتەوە. شایەنی باسە لەو مانگرتنەدا سێ مامۆستای پەیمانگا بەویستی راگر گواستراونەتەوە بۆ هەریەکە لە پەیمانگاکانی هەڵەبجە، چەمچەماڵ، سلێمانی.

## دروستکردنی پردێکی ئاسنین لە چوارقورنە

**پەیامنێری رانیە**

دوای ئەوەی لە مانگی رابردوودا بەهۆی بارینی بەفرو بارانێکی زۆرەوە لەناوچەکانی چوارقورنەو دەوروبەری پردە سەرەکیەکەی ئەو شارۆچکەیە رووخاو بووە هۆی ئاستەنگیەکی زۆر بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان، بەرواری ٢٠٠٧/١/١٨ بەرێوەبەرایەتی رێگاوبانی سلێمانی بە هاوکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەستیان کرد بە دروستکردنی پردێکی ئاسنین بەشێوەیەکی کاتی لە شوێنی پردە داروخاوەکەی چوارقورنە، (شێرزاد زەنگەنە) بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە رزگاری راگەیاند: بڕی تێچووی ئەو پردە بریتیە لە (١٣٠) هەزار دۆلاروحکومەتی هەرێم ئەم بودجەی دابین کردووەو بڕیارە لە ماوەیەکی زۆر کەم کۆتایی بێت تا رۆژی ٢٠٠٧/١/٢٩ لە ٩٠٪ی کارەکانی تەواو کراوە، دروستکردنی ئەو پردە ئاسنینە کارێکی باشە تا لەکاتی باران باریندا ناوچەکە دانەبڕێت، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت دروستکردنەوەی پردەکەیە بەتەواوەتی کە لەبەرنامەماندا هەیە لە وەرزی بڕانی باراندا بەشێوەیەکی جوانتر لە جاران دروست بکەینەوە.

## فەرمانگەی کەشناسی چەمچەماڵ تەنها دوو کارمەندیان هەیە

فەرمانگەی کەشناسی چەمچەماڵ لە ساڵی ١٩٧٠ لەشاری چەمچەماڵ دامەزراوەو تا ئێستا بینای سەربەخۆی خۆیان نیەو لە ژوورێکی فەرمانگەی کشتوکاڵی چەمچەماڵدان، لە دیدارێکی رۆژنامەی رزگاریدا (خالید عومەر حەمید) لێپرسراوی فەرمانگەی کەشناسی چەمچەماڵ سەبارەت بە کێشەکانی فەرمانگەکەیان وتی: جگە لە نەبوونی بینای سەربەخۆ ئەو ئامێرانەی ئێستا لەبەر دەستماندایە لە ساڵانی ٧٠ کانەوە کاری پێدەکرێت، هەروەها ئێمە کێشەی فەرمانبەرمان هەیەو میلاکمان پێنج فەرمانبەرە بەڵام تەنها دوو فەرمانبەرمان هەیە، ناوبراو لەبارەی لایەنەکانی کارکردنی خۆیانەوە وتی: دەبێ ٢٤ کاتژمێر لە فەرمانگە دەوام بکەین، بەڵام بەهۆی نەبوونی فەرمانبەرەوە لەشەوورۆژێکدا تەنها ١٢ کاتژمێر دەوام دەکەین، سەبارەت بەبڕی باران بارینی ئەمساڵ ناوبراو وتی: ساڵی پار تا بەرواری (٢٠٠٦/١/٢٠) (١٣٤ ملم) باران باریوە، بەڵام ئەمساڵ تا (٢٠٠٧/١/٢٠) (١٨٠ ملم) باران باریوە.



## لە هەولێر بەهۆی شۆرتی کارەبا دوکانێک دەسووتێ

**پەیامنێری هەولێر**

لەسەر شەقامی شەست مەتری نزیک چوارریانی فرانسۆ میتران، دوکانێکی فەرش فرۆشتن سووتا.

دوای روودانی ئاگرەکە، تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە بەپەلە گەیشتنە شوێنی رووداوەکەو توانییان ئاگرەکە بکوژێننەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم رووداوە، دەرکەوتووە کە ئاگر کەوتنەکە بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووەو ئەم رووداوە بۆتە هۆی زەرەرو زیانگەیاندنێکی زۆر بە دوکانەکە، کە مەزەندە دەکرێت بە (٩) نۆ دەفتەر دۆلار، واتە ٩٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی.

## لەئەنجامی رووداوێکی ئاگر کەوتنەوەدا... کچێک سووتا

:PNA

لە گەرەکی مامزاوەی شاری هەولێر بەهۆی گڵپەکردنی تەباخی نەوت کچێکی تەمەن ١٩ ساڵە بەناوی (د-خ) کە قوتابی ناوەندییە دەسووتێت. بە گوتەی ناوبراو لە کاتێکدا چێشتی ئامادە دەکرد، لە پڕ تەباخی نەوت گڵپەی کردووەو بەو هۆیەوە سووتاوە، بەڵام گومان دەکرێت کە بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی ناوبراو خۆی سووتاندبێت. بەپێی راپۆرتی پزیشک ئەو کچە ٧٠٪ جەستەی سووتاوەو باری تەندروستی خراپە.



## ناوت دەنێم ژینۆ دوایین بەرهەمی چۆپی فەتاح

ناوت دەنێم ژینۆ، دوا بەرهەمی خانمە گۆرانیبێژ چۆپی فەتاحە، ئەم بەرهەمە لە ١٣ گۆرانی پێکهاتووە. بە سەرپەرشتی هونەرمەند گۆران کامیل لە سوێد تۆمار کراوە.

٤ گۆرانیان ئاوازی هونەرمەند بورهان موفتییە و ٢ گۆرانییان لە ئاوازی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە و ٢ گۆرانییان لە ئاوازی هونەرمەند ئیدریس باڵەتاییەو گۆرانییەکی بەئاوازێکی رۆژئاواییە.

تێکستی گۆرانییەکانیش هی ئەم بەرێزانەیە، فەرهاد شاکەلی ،( ئیلوار) کەمال میراودەلی کردویە بە کوردی ، ئیسماعیل خورماڵی، کەریم بەدەل باڵەتایی، زیاد ئەسعەد و ئیحسان فەتاح و فۆلکلۆر.

## گەڕانەوەی فەرمانبەرە لادراوەکان بۆ سەر کارەکانی خۆیان

**پەیامنێری کەرکوک**

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠٠٧ کەتیایدا هاشم چەلەبی سەرۆکی لیژنەکەو دکتۆر محمد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی نویسنگەی کەرکوک و سنجارو خانەقین ئامادەبوون، بەتێکرای دەنگ بڕیاردرا بە گەڕانەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە کاتی خۆی لە سەردەمی رژێمی رووخاودا لەسەر کار لابرابوون دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان بەهەمان پلەو پایەی پێشوو تریان.

ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٥/٣٠ دەرچووە

# نائارامی کوردستان بەپاساوی سەقامگیری ناشاردرێتەوە



کوردۆ سالْح

**دەسەڵاتداران تا ئێستا نایانەوێت جەماوەر بزانێت داهات و سەرمایەی وڵاتەکەی چەندەو چۆن خەرج دەکرێت، یا بانکی کامە وڵات بەخۆیەوە دەگرێت؟!**

ئاساییە دوای سەرەونگوم کردنی رژێمێکی دیکتاتۆری لە ڕێگای کردەی سەربازییەوە، ڕەوشێکی نائارام، دەیان دیاردەی نەشیاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی, تاوان و گەندەڵکاری..هتد. سەرهەڵبدەن. نەخاسمە رژێمێکی بەئاگرو ئاسن خۆسەپێن و سەرکوتکەری (٣٥) ساڵە بەسەر پێکهاتە پێکناکۆکو هەمە چەشنە نەتەوایەتی و ئاینی و تایفییەکانی دانیشتوانی عێراق، بە باگگراوندە مێژوویی و خوێناوییەکانیانەوە کە ئەم رژێمەش بەشێک بووە لەم مێژووە.

ئەمریکاش بەئەجندا شاراوەکەیەوە وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری کردە دەسپێکی ئەم کردە سەربازییەی،وروژاندنی چەمکەئاینی وتایفیەکانیش لەلایەن خودی ئەمریکا،هەتا دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و ناوچەکەش هەریەکەبەتەماح و چاوتێبڕینی تایبەتی خۆیەوە ڕەوشی ئەمنی و گیانی دوبەرەکیان بەشێوەیەکی ئەوتۆ ئاڵۆزو قولکردۆتەوە کە پێشبینی و هیوای کۆنترۆڵکردنی بەنزیکە مەحال دەزانرێت.

ئەم ڕەوشەی ناوخۆی عێراق و بەغدا بەتایبەتی دەرهاوێشتەو پەرچە کرداری ئاساییانەی هۆکار گەلێکی مێژووی بەزۆر لێکبەستن و پێکەوەنانی خاک و پێکهاتە دژ بەیەکەکانی دانیشتوانی عێراقن، کاریگەری و دەست تێوەردانی نێگەتیڤانەی دەوڵەتانی دەرەوە، فاکتەرێکی کاریگەری ئەم وێرانکارییەن, جگە پێشینەو زەمینەی لەباری کوشت و کوشتار لەنێوان لایەن و پێکهاتەکاندا کەسەرجەمیان هۆکاری نائارامین لەم وڵاتەدا.

هەرچەندە لەڕووی بەراودکارییەوە ڕەوشی ئەمنی کوردستان باسناکەم، بەڵام نەبوونی ئارامی دەروونی و جەستەیی و تەندورستی، دادپەروەری هەرەشەن لەسەر ژیانی هەر تاکێکدا بۆیە پێویستە بوترێ:

کوردستان لەسەرەتای ڕاپەرینەوە ماوەی ١٦ ساڵە بەچەند قۆناغێکی نیمچە سەربەخۆیی جیا جیادا تێپەریوە، لەڕووی دەسەڵاتدارییەوە چەندین کابینەی حکومەتیان لەسەر هەمان بنچینەو ئەقلیەتی حزبی جارداوە.

کە سەقامگیری و ئاسایش لەژێر سایەیاندا هەردەم و لە هەر قۆناغێکدا لە نەبوونی و پێشێلکاریدا بەرگێکی نوێی بەبەردا کراوە، لایەنی دەسەڵاتدار تا بە ئەمرۆش دەگات وەک پرەنسیپێک تابۆی بلوێ دەست بەنەبوونی ئاسایشەوە دەگرێ و لە پێشێلکاریدا هونەری نوێ و زمانی تازە پەیرەودەکات. بەرقەراربوونی ئاسایش تەنیا لە نەبوونی کوشت و بڕو تیرۆر چڕ دەکاتەوە، ئارامییان تا ئەو سنووورە قبولە کە بێدەنگی بەرامبەر ڕەفتارەکانیان هەڵبژێری و هێلی سووری (ناو، ژمارە، دەستنیشانکردن) نەبەزێنێ، لەڕێی میدیاکانیشیانەوە دەخوازن جەماوەر متمانە بە ئەداو فەرمانرەوایەتیە پڕ لەسەیرو سەمەرەکەیان بکەن!

سووتەمەنی و کارەبا هەرەشەیەکی جددین لەسەر ژیان و دوا ڕۆژی گەورەو بچووک، نەوت بەدەبەو شەورۆژ (١-٢) کاتژمێر کارەبای پچر پچر یان هەرهیچ، نابێتە هۆی پاراستنی گیان و تەندروستی هاوڵاتیان. ئەمە لەکاتێکدا کە خودی دەسەڵات لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەشێک بووە لەسەر هەڵدانی ئەم کێشانە یان قولکردنەوەیان، بۆئەوەی هەموو ئەوراقەکان تێکەڵبکرێن و مەبەستی سەرەکی بپێکن. کە گەرمکردنی بازاری ڕەشە, کەلای بەرپرسانی کوردستان لەسەروی کوردایەتی دانراوە ئەم توێژەی زیاتر هۆشمەندە و هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و تائێستا لەنێو کوردستاندا بەرەو هەندەران کۆچیان نەکردووە، ناعەدالەتی لە دابەشکردن و دامەزراندن و کار پێسپاردندا دووچاری دڵە ڕاوکێ و نائارامی دەروونی کردوون، بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆژانە تیرۆر لەناخیاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە !! دەسەڵاتداران تا ئێستا نایانەوێت جەماوەر بزانێت داهات و سەرمایەی وڵاتەکەی چەندەو چۆن خەرج دەکرێت، یا بانکی کامە وڵات بەخۆیەوە دەگرێت؟! گەنج و لاوەکان ڕوو لە هەندەران دەکەن و ڕێی هات و نەهات دەگرنە بەرو کچان بۆ تەنیایی و قەیرەیی جێ دەهێڵن، تا سەر ئێسقان لە پێکەوەنانی خێزان و هاوسەرگیریدا نیگەران و ڕەشبینن.

پرۆسەی دەسەڵاتدارییەتی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەژێر هەرەشەی جددی پاوانخوازی و ساختەکاریدایە، بۆ سیاسەت مەداران و پرۆسەی دیموکراسی ئەمەیش مایەی دڵە ڕاوکێیە.

ئەم دیاردەو پێشێلکاریانە سیماو خەسڵەتی ڕەوشێکی نائارام و ناجێگیرن نەک بە پێچەوانە. وەک دەسەڵاتداران بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەم بارە ئاڵۆزەی کە جەماوەری کوردستان جگە بەرپرسان و دەوروبەرەکەیان تێیدا دەژین، بەجۆرێک لە ئارامی کە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران دەپارێزێت وبۆ دەغزیەکردنی پرۆژە تایبەتیەکانیان کۆنترۆڵ کراوە. بەڵام بۆئەوەی جەماوەری بەرفراوانی کوردستان بەتایبەتی منداڵان بتوانن سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ، کارەبا، سوتەمەنی، داوودەرمان، سەیرانگا، نازو پەروەردەی دایک وباوکیان وەربگرن پێویستە سەرجەم دانیشتوان بخرێنە سنووری پاراستنی ئارامی و ئاسایشی گشتیان بەهەند وەربگیرێت.

**ئەم توێژەی زیاتر هۆشمەندەو هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و تائێستا لەنێو کوردستاندا بەرەو هەندەران کۆچی نەکردووە، ناعەدالەتی لە دابەشکردن و دامەزراندن و کار پێسپاردندا دووچاری دڵەراوکێ و نائارامی دەروونی کردوون**

## سەردان و پێشوازییەکانی PKSK

* لەبەرواری ٢٠٠٧/١/١٥ وەفدی حزبی رزگاریخوازازانی کوردستان کەپێک هاتبوو لە بەرێزان هاورێ فارس بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوک هاورێ م.سلێمان بەرپرسی پەیوەندیەکان سەردانی ناوەندی حزبمانیان کرد ئەمەو لەو دانیشتنەدا باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو حزب کرا و تاوتوی وەزعی ئەمرۆی شاری کەرکوک کرا لەلایەن هاورێیان جاسم محمد و عەباس محمد پێشوازی کران.

* نوێنەری پارتمان هاورێ جاسم محمد ئەندامی ناوەندی کەرکوک بەشداری کۆبوونەوەی حزبە کوردستانیەکانی کرد لە لقی (٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا, سەبارەت بە وەزعی ئەمرۆی شاری کەرکوک و ئەو کۆنگرەی لە ئەنقەرە بەسترا بۆ دژایەتی گەلی کورد ٢٠٠٧/١/١٧

* بەرێز کاک مسعود سعید جێگری بەرپرسی هەرێمی کەرکوکی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای ناوەندی کەرکوکی حزبمانی کرد ئەمەو لەو دانیشتندا تاوتوی وەزعی شاری کەرکوک کرا دواتر جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو حزب کرا. ٢٠٠٧/١/١٦

* رۆژی ٢٠٠٧/١/٢٨ شاندێکی ناوەندی هەولێری پارتمان پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بە لێپرسراوەتی هاورێ شاهۆ بەشداری مەراسیمی کردنەوەی مەڵبەندی (٣٧)ی چۆمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کردو لەمەراسیمەکەدا بروسکەی ناوەندی هەولێری پارتمان خوێندرایەوە.

# ئامرازەکانی (بەنج) کردنی گەنجان؟!!



بەشدار عەلی
bashdar_net@yahoo.com



بەشدار عەلی
bashdar_net@yahoo.com

بۆ هەموو لایەک ڕۆشنە کە گەنجان و لاوانی کوردستان ئومێدێک لە چاوانیاندا بەدیدەکرێت، بەڵام بەداخەوە لە واقیعی ئەمرۆی خەڵکی کوردستان بەگشتی وەسائلەکانی ژیان کردن بە مانای وشە بوونی نیە، ئیتر گەنجانیش وەکو هەموو مرۆڤێکی تری سەر ئەم زەمینە دەیانەوێت (بژین)، تورەیی و نارەزایەتی و گلەیی و قسە و نووسین و کارو کردەوەکانیشیان لەم سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداری چوار چێوەکانیان بەسەردا تەسک کردۆتەوەو هەمیشە کار لەسەر ئەم نەوەیە کراوە کە گوێرایەڵ و قسە نەکەرو خەسیوبێت، بەڵام هەوڵدانەکانی لاوانیش سەرباری هەموو ئەم قەیدو بەندانەش بۆ دەست ڕاگەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی و سەردەمیانە جێگای ستایشە. بەنزیک بوونەوە لێیان تێدەگەین کە ئەوانیش نایانەوێت وەکو نەوەکانی پێش خۆیان تەمەنی خۆیان بەفیرۆ بدەن لە پێناو مەسەلە گەلێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیان و چارەنووسی ئەوانەوە نەبووەو نییە، بۆیە زۆرجار گەنجانی ئەمرۆ بەنەوەیەکی یاخی وەسف دەکەن کە هەموو (پیرۆزییەکانی) پێشتر لای ئەوان بەهایەکی نیە. ئەم تەعبیرە دروستە، بەڵام ئەمەشیان لەوپەری هۆشیارییەوە سەرچاوەی گرتووە، باکەمێک ئەمە ڕۆشن کەینەوە. ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیش لە کوردستان زۆر پێویستی بەم نەوەیە هەیە وەکو خۆیان گوتەنی (بیانهێننەوە سەرخەت ! بەڵام لە ڕاستیدا) وەکو دەسەڵات دەیانەوێت ئەم ئاگرە پڕ لە خۆڵەمێشە دامرکێننەوە لایەنی کەم بتوانن لە ئاستێکی مام ناوەندی ڕایبگرن ئیتر هەوڵەکانیان لەم چوار چێوەیە هەر لەسەرەتاوە بەردەوام بووە گەنجانی هەشتاو نەوەدەکان لەبەر (خاکی پیرۆزی کوردستان و دەسەڵاتی خۆماڵی.......هتد) تەمەنی خۆیان بەفیرۆداو بوونە قوربانی، بەهەزارەهایان لەبەرەکانی جەنگدا بەجێمان، بەهەزارەهایان کەم ئەندام بوون و ماڵ و منداڵەکانیان قوربەسەر و ماڵوێران بوون و دایک و باوکەکانیشیان بەجەرگ سووتاوی سەریان نایەوە، ئەوانەشیان کە بەخت یاوەریان بوو لە ناخۆشترین و مەرگەساتترین وەزعیەتدا تاکو ئێستاش ژیان دەگوزەرێنن، ئیتر مایەوە تەنها ئاهی پەشیمانی هەڵکێشن. چونکە لەدوای بە دەسەڵات گەیشتنی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی تێنەگەیشتن هەموو ئەوشتانەی لای ئەوان (پیرۆز) بوو وەکو ڕەمزێک پێیان دەناسێنرا بریتی بوو لە ئامرازێکی بەنج کردن بۆ بەکوشتن دانی ئەوان. چونکە لەسەر خاکی رزگارکراوی کوردستان و دەسەڵاتێکی کوردی و خۆماڵی کە چەندین ساڵ بوو ئاواتیان بوو نەهامەتیەکان، ماڵوێرانیەکان، ئاوارەیی و دەربەدەریەکان، کوشتن و بڕین ورفاندن و تۆقاندنەکان... زیاترو زیاتر بوو. هەمان پیاوەکانی بەعس، بەڵام ئەمجارەیان لە جێگای قاتێکی زەیتونی بە دەستێک جلی ڕانک و چۆغەڵ کەوتنە گیانی خەڵک، هەمان یاسا دارزیوەکانی بەعس کاری پێکرایەوە. سەرباری ئەمانەش شەڕی خۆکوژیشی بۆ زیاد بوو سەربانەکانی ماڵەکان کرانە سەنگەرو جەبهەی ئەم حزبانە، گەندەڵی و بێبەشی خەڵک لە خزمەتگوزارییەکان چەند بەرامبەر بویەوە.

دوای ئێکسپایەربوونی ئەم بەنجانە ( ڕەنگەکان و شەهیدەکان و هەولێریەکان و سلێمانیەکان)یان کردە کارتێکی تر کە تاکو ئێستاش لەنێو هزرو بیرکردنەوەی خەڵک برەوی پێدەدرێت بۆ دەستەمۆکردنی و لێک دابراندنی خەڵک بەگشتی و لاوان و گەنجان وەکو زۆرینەترین ڕێژەی ئەم خەڵکە بەتایبەت.

لەسەرتای سەدەی بیست و یەکەمدا وەزعیەتەکە بەشێوەیەکی تر گۆڕا، ئیتر خەڵکی کوردستان روئیاو دیدوبۆچوون و حەزوو ئارەزوو و داواکاری و پێویستیەکان چووە قۆناغێکی ترەوە، بەم مانایەی کە لەڕێگای پێشکەوتنی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە ئاشنایەتیەکیان لەگەڵ دنیای دەرەوە پەیدا کرد ئیتر زانیان کە ئەوانیش وەکو هەموو خەڵکێکی تر مافی ژیان وئازادی و خۆشگوزەرانیان هەیەو ناکرێت سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەت لەبەر دەستدابێت و ئیدعای حکومەت بکەین و سەرەتاترین پێداویستیەکان و خزمەتگوزاریەکانی خەڵکیش دابین نەکەیت. بۆیە نارەزایەتیەکانی گەنجان و لاوان تاکو ئەمساتەش لەوپەری بەهێزی خۆیدایە، لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتدارانی کوردستانیش بەهەمان ریتمی پێشتر هەر خەریکی گەندەڵی و دزی و ڕاورووتن، ئەمە هۆکاری ئەم جیاوازیەیە کە ئێستا لەنێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی کوردستاندایە، خەڵک لە ئاوازی ڕەفاهیەت و ئازادی و یەکسانی دەخوێنن، دەسەڵاتدارانیش هەر لەسەر سەمفرنیای جیاوازی و سەرکوت و داپلۆسین بەردەوامن. کاتێک کە دەسەڵاتداران هەستیان بەم جیاوازی و دزی و کەلێنە کردو نارەزایەتیەکان بەرزبۆوەو گەنجان و لاوانیش لەریزی پێشەوەی ئەم نارەزایەتیانە دابوونە، بۆیە هەرچەند مانگ جارێک دەیانەوێت بەمەسەلەیەک بەنجیان بکەن و بیرو هۆشیان بۆلای شتێک ڕابکێشن کە هیچ شتێک لە ژیان و چارەنووسی ئەوان ناگۆرێت و بەعەمەلیش نەیگۆریوە. هەر لە یەکگرتنەوەی حزب و ئیدارەکانەوە بگرە تا دەگات بە هەڵبژاردن و دەستوورو ئاڵاو دواتریشیان سرودی ئەی ڕەقیب.

هەموو ئەمانە نەیتوانیوە تۆزقاڵێک ئێش و ئازارو مەینەتیەکانی سەرشانی خەڵک کەمبکاتەوە، کێشەی ئەمرۆی خەڵکی کوردستان و گەنجان ولاوان نەبوونی یاساو دەستوورێکی مۆدێرن و ئینسانییە، نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، نەبوونی ئاوو کارەباو سووتەمەنییە، نەبوونی خانوبەرەی نیشتەجێ بوونە، نەبوونی ڕێگاوبانی گونجاوە، بەڵێ گەنجان ئەمڕۆ بەدەست کۆنە پەرسترین داب ونەریت و ڕێسای نێو کۆمەڵگا دەناڵێنن، سیستەمی پەروەردەو فێرکردن مێشکی هەزارەها منداڵ و لاوی بە ترس و تۆقاندن ئاخنیوە، کێشەیان نەبوونی پەناگەو جێژوانێکە بۆ دڵداران، نەبوونی پارک و باخچەو کتێبخانەیە، کێشەیان سنورداركردنی ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکانیانە، سەرکوت و لێدان و زیندانی کردنیانە،............ .

ئێمەی نەوەی دوای ڕاپەڕین، ئێمەی گەنجی ئەمرۆی کوردستان، هێندە ناخۆشی و دەردەسەری و ئاوارەیی و نەبوونی ترس تۆقاندن و نەهامەتیمان چەشتووە خوێنی ئاسایی لە لەش و دەمارەکانماندا نەماوە، بۆیە (بەنج) نامانگرێ هەمیشە لە جولەداین بۆ دەست ڕاگەیشتنی تەواوی خەڵکی کوردستان بەژیانێکی ئینسانیانە، تۆش وەرە لە گەڵمانبە ئەم وەزعیەتە چەندە ئاڵۆزبێت، بەڵام گۆرینیشی سەد هێندە ئاسانە.

# ئەو کێشەو گرفتانەی کە ئازارمان پێ دەگەینن



**نووسین: باوکی ئەشمیل**

*جاران لەسەردەمی رژێمی رووخاوی بەعس تابلۆی شوێنە گشتیەکان و دوکان و بازار و شەقامەکان و فەرمانگەکان بە زمانی عەرەبی دەنووسرا ئەمەش خەلکی کوردستانی زۆر نیگەران کردبوو چونکە پیاوانی رژێم ڕێگایان نەدەدا لەو شوێنانە ناوی کوردی لەسەر بنوسرێ و ئەبوایە ناوی تابلۆکانیش بە دڵی ئەوان بێت، ئەم سیاسەتە رەگەز پەرستانەیە بە درێژایی دەسەڵاتی رژێمی رووخاو پیادە دەکرا. بەڵام بەداخەوە ئەگەر میوانێک بێتە هەولێر وا دەزانێ لە هەولێر نیە چونکە بەدەیان تابلۆی بەرچاو دەکەوێ کەناوی بیانی لەسەر نووسراوە وە لە بەرامبەر هەر ناوێک لەو ناوانە بە کوردی هەیە ئەگەر بیان نووسیبایە. بۆ نموونە: نازەمۆڵ، نیوستی، ریستورانت، قاوەخانەی سکای، کوردستان ئێرلاین، شیرین پالاس، سوپەر مارکێت، ناز ستی، پارکی.........، ....هتد. لەم رۆژگارە وشەی کوردی ئەوەندە بەسەزمان بووە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەینێ خوێندنەوەی فاتیحایەکە بۆ ناوی کوردی فەرامۆش کردنی خەبات و ماندووبوون بە فیرۆدانی خوێنی شەهیدان دەگەینێ. نازانین نووسەرو رۆژنامەنووسەکان بۆچی هەڵوێستیان نیەو وا بێ دەنگن؟! خۆ ئێستا رژێم نەماوە لەچی دەترسن!! ئەی ئەو هەموو ساڵە خەباتکردنە لەپای چی؟!

*ئەگەر بابەتی رۆژنامەو گۆڤارەکان بخوێنینەوە هەست دەکەین بە دەیان وشەی بیانی بە زەقی پێوە دیارە لەناو بابەتەکاندا،ئەرێ بۆچی ئێمە ئەوەندە حەز لە وشەی بێگانە دەکەین لە جیات پەرەپێدان و پێشخستنی زمانی کوردی کەچی بەداخەوە هەست دەکەین رۆژانە وشە رەسەنەکان بەرەو لەناوچوون دەچن بۆ نموونە: هەموو بابەتێک نیە ئەم وشانەی تیانەبێ (ئۆپەراسیۆن، پرەنسیپ، فیدراسیۆن، کۆنسۆل، کلیپ، نێگەتیف و پۆزەتیف، سیمینار، تەکەتولات، ریفراندۆم، پلینیوم،......هتد.

*لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو ئەنتەرنێت لەکوردستان تا ئێستا بە پێوەری (داروبزمار) نەوت دابەش دەکرێ. نازانین ئەبێ چ نهێنیەک لەم داروبزمارە هەبێ تا ئێستاش بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوت بێ دەنگە. خۆ دەکرێ لە جیات ئەو (داروبزمار)ە عەدادێک لە تانکەرەکان ببەسترێت بە گوێرەی ئەو (عەداد)ە نەوتەکەی هاوڵاتیان دابەش بکەن.

*کت وپڕ دابەشکردنی بەنزین بەکۆبۆن وەستا، هەر بەنزینخانەیەکیش لافیتەیەکی هەڵواسیوەو لەسەری نوسراوە بەشێوەیەکی کاتی دابەشکردن رادەوەستێ، بەڵام لە بەنزینخانە ئەهلیەکان و بەنزینخانەکانی مەسئولەکان تا ئێستاش هەر دابەش دەکرێ. نرخی یەک لتر بەنزین بە (٩٢٥)دینار دەدرێتە هاوڵاتیان و نابێ کەسیش لەسەر شەقامەکان بیفرۆشێ ئەگینا بە پێچەوانەوە تووشی سزا دەبێ نازانین چ نهێنیەک هەیە لەم کەین و بەینەدا.

*کە دۆلار بەرز دەبێتەوە هەر دوکاندارو بازرگانێکی چاوچنۆک (حاسبە)یەک بەدەستەوە دەگرن و زۆر بەجوانی نرخی کەل وپەلەکانت بۆ لێک دەدەنەوە بەڵام کە نرخی دۆلار دادەبەزێ (حاسبە)کە دەشارنەوە لە نرخی جاران زیاتر دەفرۆشن هەر باسی (دۆلار)یش ناکەن. ئەگەر بپرسی باشە ئەی دۆلار دانەبەزیوە ئەوانیش دەڵێن برام (غازونەوت و بەنزین گرانە) بازاڕ بازاڕی ئازادە هەرکەس بە کەیفی خۆی دەیفرۆشی حکومەتیش نووستوە چونکە کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکا، بەڵام خوا هەڵناگرێ زۆرجار دەست فرۆشەکانی دەلاڵخانەو شێخ الله راودەنێن چونکە ئەوان نرخی کەل وپەلەکان بەکەمتر لە نرخی دوکانەکان دەفرۆشن ئەمەش لەبەر دڵی هەندێ بازرگان و خاوەن کۆگاکان جاروبار ئەو کاسبکارانە دەردەکەن، چونکە بەهەرزانتر دەیفرۆشنەوە.

# دەردو کوشندەیی دەسەڵاتی سەرمایەداری کوردی!!



**م. حەمید عەزیز**



دەسەڵاتی سەرمایەداری جیهانی پلەیەکی پێشکەوتووترو باشترو ئەکادیمیانەتری هەنگاوی دووای کۆمیۆنی سەرەتایی و دەرەبەگایەتی و چەوسانەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤە یان قۆناغێکی پێشکەوتووترە لەو قۆناغەی سەردەمی پێش خۆی بە یاساو سیستمی سۆشیالیستی سەردەمی مارکس و مارکسیەت لەو سەردەمەدا باشترین و پێشکەوتووترین قۆناغی ووشیاری سەرمایەداری بووە بۆ مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە . ئێستاش سەرمایەداری جیهانی قۆناغی جیهان گیری و تەکنەلۆجیاو فڕینی مرۆڤە لەباری زانستی و ئەکادیمی و سیکۆلارو هۆش گۆڕینی ئادەمیزادە لە قۆناغێکی مام ناوەندی مرۆیی بۆ قۆناغێکی هەرە پێشکەوتووی سیکۆلارو تەکنەلۆجیا بەڵام بەنا بەختەوەری هەژارانی دنیای بێ بەش لەهەموو ژیان . بەڵام مەبەست لەدەسەڵاتی سەرمایەداری کوردی بۆ خۆی دەسەڵاتێکی پیاو ئاغایی و شەلەل و سەقەتی نەخوێندەوارە کە خۆیان بە لێپرسراوو یاسا زان و ڕامیاری زان دەزانن لەناو دەسەڵاتی کوردیدا لە کوردستان . ئەم دوو وێنەیەی کە ناردوومە لەگەڵ ئەو ١٦ ساڵ بێ نان و ئازادی و بێ ئاوو کارەبایی و .. هتد . شایەتی ئەو سەقەتییە دەدەن بۆ نمونەو ( مثال ) ئەم دوو وێنەیە نموونەیەکی هێندە جەرگ بڕە کەلە سیستمی چەوسانەوەی چینایەتیش دەرچووەو بۆتە گەورەیی جیاوازیی نێوان مرۆڤ و خوداوەند . چونکە سەیری ئەو پیرە ژنەی کە پاشماوەی ئەنفال و هەموو ژیان و تەمەنی بۆ کوردایەتی و مەردایەتی بووە تەنها ژورێکی پێ ڕەوا نەبینرێ لە وولاتێکی بەپیت و سامانی وەک و کوردستان کە نیشتمانی دایکی خۆی و لەناو نەتەوەو خاکی خۆیدا ئاوارە بێت و ژیانێکی زووقم و کوولەمەرگی ئاوا لەناو دەسەڵاتێکی ڕامیاری کوردی کە بەهی خۆی دەزانێ و خوێن و تێکۆشانیشی بۆ دابێت پاشماوەی گەورەترین و بێ سنورترین بێویژدانی شەرمەزاری و کارەساتێکیشە کەلە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم ڕوویداوە کە ئەویش ئەنفالە . (مەگەر تەنهاو تەنها دەسەڵاتی فاشیستی تورک و کەمالیستەکان بە ئەرمەنیەکانیان کردبێ) دەنا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەساڵی ١٩٤٥ ئەم کارەساتی ئەنفالە یەکەمین جینۆسایدی ئادەمیزادە لە جیهاندا . دەسەڵاتی بەعسی ڕزیوو لەناوچوو لەسەر خوێنی میللەتی هەژاری کوردستان خۆی فێری کووشتن و جینۆساید دەکرد .. ئەو دەرمان و کیمیاوی یەی وولاتانی ڕوسیاو ئەڵمانیا بوو بۆ تاقی کردنەوەو زانینی کاری گەری لەسەر ئێمەی کوردی کڵۆڵ تاقی کرایەوە . دەسەڵاتی سەرمایەدار کوردیش لەسەر ئەنفال بە ملیۆن دۆلاریان لە دەرەوە بۆ هات و کۆکردەوەو ڕەوانەی دەرەوە کردەوە . زۆرترین ڕێژەی بێکاری و هەژاری و نەخوێندەواری و نایەکسانی کۆمەلایەتی و بێ خزمەتگوزاری و .. هتد ، لەناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشتمانی بێ نازی کوردستانە بە بەراوردی ئابووری و دەوڵەمەندی خاکەکەی و پیت و کشتوکاڵ و گەشت و گوزارو نەوت و یۆرانیۆم و کبریت و .. هتد . کەچی دەسەڵاتی کوردی باسی مەدەنی یەت دەکات ، لەوە ئەچێ ئەوان مەدەنی یەت بە کۆشک و تەلارو ئۆتۆمبیل و ژنی جوان و نوێ و مۆبایل بزانن . ئەوەندەی ئەم دەسەڵاتەش باسی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەکات ، هێندەی ئەم دەسەڵاتە وڵاتی سوید باسی نەکردووە کەبەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٦ وولاتی سوید یەکەمین وولاتی دنیایە بۆ سیستمی بەڕێوە چوونی دیموکراتییەت . کەسیش هێندەی سەدام و بەعسی یە کەلەپووت و عەفلەقی یەکان باسی یەکبوون و ئازادی و سۆسیالیستیان نەکردووە کەئەکاتە یەکێک لەبنچینە و بنەڕەتی یەکانی کاری ڕامیاری پارتی بەعسی ڕزیوو کە بەعارەبی و هەمیشەش دەیانووتەوە ( وحدة ، حرية ، اشتراكية ) بەڵام چونکە تەنها درۆو خەڵەتاندن بوو بەو دەردە چوون کە کەس نەیخواردووە جارێ . ئێمەی کوردی هەر چوار پارچەی لەتکراوو برینداری کوردستان زیاتر لەسەدەیەکە دەچەوسێینەوە ژێردەستین و زووڵم لێکراو بەدەستی (عاتوفا) و هەناسەشمان لێ قەدەغەیە و بێ بەشین لە هەموو مافێکی مرۆیی و بە خراپترین خەڵک و سیستم دەمان کووژن و دەمان بڕن . ئێمەی بێچارو گیرخواردوو دڵمان بە ئێوە خۆش بوو ئەی دەسەڵاتی باشوور کە تروسکایی یەک بۆ ئێمەش و خەڵکی زەحمەت کێش بنێرن ، کەچی ئێوەش دەم و لووت و کۆشک و ئۆتۆمبیلتان لە ئاسمانە و لەکەلی شەیتان نایەنە خورێ . دەوەرنە خوارێ لەو سووڵتانی و ژیان و تەنتەنەیە دڵنیاتان دەکەم ئاوا بڕواو کەڕو هیچ نەبیست بن لە ئاستی هەژارانی کوردستان حاڵتان باشتر نابێت. وێنەکان خۆیان دەدوێن پێویست بە نموونەی زیاترو قسەکردنی زیاتری پێویست نی یە .

---



درز

**بەهرەوەر مەرزانی**

### هەولێری پایتەخت، بەهەشتێک بۆ سواڵکردن

لەوەتەی بیرم دێت هەموو ساڵێک چەندین بڕیاری بەپەلەو خێرا لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانی شاری هەولێر دەردەچێت و چەند رۆژێک بەو پەڕی جددییەوە کاری پێدەکرێت، دواتر هەمان تاس و حەمام دروست دەبێتەوەو بازاڕیشی لەجاران گەرمتر دەبێت، چەند ساڵێک بوو لەناو شاری هەولێری پایتەخت بەبڕیاری دەزگا حکومیەکان سواڵکردن قەدەغەدەکراو سەرپێچیکارانیش رەوانەی شوێنی تایبەتی دەکران، وەلێ ئەفسوس نەک هەر لەشارەکەی ئێمە بەڵکو لەسەرتاپای ئەم نیشتمانە بڕیارەکان هەرچەند رۆژێک کاریان پێدەکرێت، ئەوەتا ئەمڕۆ شاری هەولێر بۆتەوە بەهەشتی سواڵکەران و لەچەندین شارو شارۆچکەی عێراقەوە رویان تێکردووەو زۆربەی شەقام و کوچەو شۆستەکانی شاریان کۆنترۆڵکردووە بێ ئەوەی دەزگا بەرپرسەکانی ئەو شارە ئاگایان لە بڕیارەکانی پێشوتری خۆیان مابێت .

زۆربەی ئەو سواڵکەرانەی ئەمڕۆ لەسەر شۆستەو شەقامەکانی ئەوشارە دەبینرێن لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری دهۆک و شاری موسڵەوە هاتوونەتە ناو شاری هەولێر و یەکێک لە قێزەونترین دیاردەکانی ئەو سەردەمەیان لەنێو ئەم شارەدا دروستکردووە کە هەندێک لەو کەسانە ئەو کارەیان وەک پیشەیەکی بۆماوەیی بۆ بەجێماوە، بۆیە پێویستە پارێزگای هەولێر رێگا لەو دیاردە ناشارستانیانە بگرێت و نەیەڵێت چیتر خەڵکانێک بە ئارەزووی خۆیان هەولێری پایتەخت بکەن بە بەهەشتی سواڵکردن .

### گرانی بازاڕو بێدەنگی بەرپرسان

ماوەیەکە نرخی کەل و پەل و خۆراک بەشێوەیەکی خەیاڵی لەنێو بازاڕەکانی کوردستاندا زیادی کردووەو بەسوود وەرگرتن لەبازاڕی ئازاد و لێنەپرسینەوەیان لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی شارەکانەوە هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی جۆرە نرخێکی داناوەو ژیانی هاوڵاتیانی پێ سەختترو تاڵتر کردووە، ئەمانەو سەرەڕای ئەو هەموو قەیرانە زۆرانەی بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە تادێ نرخی کەل و پەلەکان زیاتر بەرز دەبنەوەو کەسیش نییە بەربەستێک لەبەردەم ئەو بێبەزییانەی سەرمایەداران دابنێت و کۆنترۆڵی بازاڕەکان بکات لەبەرژەوەندی هەژارو کەمدەرامەت . هەڵاوسانی نرخەکان جگەلەوەی ژیانی هاوڵاتیانی سەخت کردووەو خەڵکی لەو سیستەمە ناڕازین کە بەبێ هیچ بەرنامەیەکی بۆ داڕێژراو لەلایەن حکومەتەوە بازرگانە چاو چنۆکەکان پەیڕەوی دەکەن، کاریگەری خراپیشی لەسەر باری ئابووری نیشتمانەکەمان دروستکردووە .

بۆ رێگە گرتن و دەرباز بوون لەو هەموو مەینەتیانەی کە رۆژانە روو بەرووی هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان دەبنەوە پێویستە بەرپرسانی حکومی بەهاوبەشی لەگەڵ پارێزگاری شارەکاندا میکانزمێکی گونجاو بدۆزنەوە کە لەرێگەیەوە بتوانن کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن و نەیەڵن هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی یاری بەچارەنووس و ژیانی خەڵکی هەژارو ستەمدیدەی گەلەکەمان بکات .

### کرێی خانوو .. دیسان بێدەنگی حکومەت

ماوەیەکە دەنگۆی بەرزبوونەوەی مووچەی فەرمانبەران قسەو باسی لەسەر دەکرێت و خاوەن کرێچیەکانیش خۆیان مەڵاسداوە بۆ ئەوەی ئەم هەلە بقۆزنەوە تاکو کرێی خانووەکانیان لەسەر هاوڵاتیان زیاد بکەن، ئەگەرچی لەساڵانی رابردوودا ماوە ماوە لەلایەن بەرپرسانی شارەوە نرخ لەسەر کرێی خانووەکان دادەنراو رێژەیەک لەکرێی خانووەکان کەمدەکرایەوە بەڵام ماوەیەکە حکومەت بێدەنگەو خەڵکی نەفەس نزمیش ئەو هەلەیان قۆزتۆتەوە، ئەوەتانێ لەناو شاری هەولێر بێئەوەی هیچ فەرمانبەرێک تاکە دینارێکی زیادەی وەرگرتبێت خاوەن خانووێک هەڵی کوتاوەتە سەر کرێچیەکەی و داوای لێکردووە کرێی خانووەکەی بۆ زیاد بکات لەبەر ئەوەی مووچەی زیادی کردووە، بەپێچەوانەوە دەبێ خانووەکەی بۆ چۆڵبکات .

بۆیە پێویستە حکومەت نرخێکی گونجاو بۆ کرێچیان دەستنیشات بکات تاکو وەک کورد دەڵێت نەشیش بسوتێ و نەکرێچی

Bahrawar_s@yahoo.com

ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٥/٣٠ دەرچووە

# توندوتیژی و بیرکردنەوە، دەلاقەیەک بۆ سەرهەڵدانی بەرەنگاری



**تاڤگە سابیر**

پەیڕەوکردنی توندوتیژی لەسەر ژنان دیاردەیەکە کە هیچکام لە ئێمەی ژن پێی نامۆ نین. ئێمەی ژن لە هەرکوێیەکی ئەم دوونیایە بین بەجۆرێک لەجۆرەکان رووبەڕووی دیاردەی توندوتیژی دەبینەوە. لەسەر هەر بیرو بۆچوونێکی سیاسی، فکری و مەعریفی بین یان..نا لایەنێکی هاوبەش بەیەکەوە گرێمان دەداتەوە، ئەوەیە کە ئێمە ژنین..! خودی (ژنبوون) واتە رووبەڕوو بوونەوەی رۆژانەی ژنان لەگەڵ جۆرەها شێوەی توندوتیژی.

ئەو توندوتیژیانەش کە رووبەڕوویان دەبینەوە کاتی نین و هەمیشە دەمانخاتە ژێر گوشارێکی دەروونی وەهاوە کە مانایەکی توند بە ئەقڵی رەگەزی مێدا شۆڕ بکاتەوە. هەموو ئاماژەکانیش پێمان دەڵێن " ژنبوون یاخود مێینەبوون، تاوانە".

هەندێکمان لەسەر ئەوە رادێ کە ئیدی ئاسانە لەژێر ئەو گوشارەدا بژی، هەندێکیشمان ئەو گوشارەی پێ پەسند ناکرێ و دەکەوێتە نێو بایکۆتکردنێکی بێدەنگانەو تاوانکاری لە خودی خۆیدا دەبینێتەوەو وەک تابلۆیەکی فۆتۆگرافی وێنە کانی ئازادی لەخۆکوشتندا دەبینێتەوە.

بەداخەوە کەهێشتا لەکۆمەڵگاکەی ئێمەدا مانگانە بەدەیان ژن، کە ناتوانن بەرامبەر بەم گوشارو توندوتیژیانە چارەسەرێک بدۆزنەوە، خۆیان دەسووتێنن. دەستیان دەچێتە ژیانی خۆیان و کۆتایی پێیان وایە ئاگر بەخشێنەری ئازادییە. لەمەش ترسناکتر فکری ئەو ژنانە یە تەنها لەبەرئەوەی لێدانی باوک یان برای یاخود مێردی لەسەر نییە پێیان وایە لەو ژنانە نین کە توندوتیژیان لەسەر بێت. ئەمەش بەدحاڵیبونێکی گەورەیە، چونکە ئەو شێوازە توندوتیژییانەی کە لەکۆمەڵگاکەماندا پەیڕەو دەکرێن فێرمان دەکات کە هەموومان لەژێر توندوتیژیداین.

دیارە لێدان و دستدرێژی و ئەتکردن تەنها لەتوندوتیژیە ناسراوو بینراوەکانن کە ئێستا لەیاسای زۆربەی وولاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم توندوتیژیە جەستەییانە بەتاوان دەژمێردرێن. بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی و ئیسلامی و دواکەوتووەکاندا هێشتا بەکارێکی ئاسایی دەژمێردرێن و وەک مافێکی رەوای پیاوان دەبینرێن.

جگە لەو توندوتیژیەی کە لە ناو ماڵەکاندا بەسەر ژنانەوە هەیە، کە رەنگە تاک و تەرا ژنان هەبن توندوتیژی نەیانگرێتەوە، هەروەها لەدەرەوش رووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی دەبنەوە. لەوانە توندوتیژی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمە هەموو ئێمەی ژنانی گرتۆتەوە بەبێ جیاوازی. سەرچاوەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەقڵە پیاو سالارییەی تاکەکانی کۆمەڵگا کە لەمنداڵیەوە بەپێتی گەورە ئەم تێزە لەناو مێشکیدا هەڵکۆڵدراون. لەشی ژن بە قەدەغەو حەرام و گوناهو تاوانبار دەژمێردرێن.

چۆن هەڵدەسێ، چۆن دادەنیشێ، چ جل و بەرگێ لەبەرکات، چۆن خواردن دەخوات، بەچ جۆرێک سەیر دەکات...!! ئەو ژنەی لەدەرەوەی ئەم قەدەغەو حەرام و گوناهانە بجوڵێتەوە لەلایەن کۆمەڵگاو خێزان و ناسیاوانیەوە لەکەدار دەکرێ و بەبێناموس و گوناهبارو تاوانباری ئەم دونیاو ئەو دونیا تەماشا دەکرێ. بەپێی یاساو رێساکانی دابونەریتیش تاوانبار سزا دەدرێ. کوشتن،، بەردباران کردن، ئەتککردن، ئیهانەکردن و زۆری دیکە نموونەی هەرە زەقی سزاکانن. تەنانەت زۆر جاریش سووتاندن و پەنابردنە بەر خۆکوژی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و بەکارهێنانی هێزی پیاو، بە مانایەکی تر پیاوەکە ژن دەسوتێنێ کەچی خودی ژنەکە بە (خۆسوتاندن) تاوانبار دەکرێت.

جۆرێکی تری توندوتیژی کە هەموومان بەبێدەنگی قوتی دەدەین و بەسەریدا ڕەت دەبین، ئەتککردنی ژنانە لەلایەن مێردەکانیانەوە. کەس ئەم توندوتیژییەی لەلا نامۆ نییە! بەڵام بەداخەوە وەک مافێکی ڕەوای مێرد دەناسرێ.

بەبڕوای زۆرینە رێکخراوە فیمنیستییەکان و پەرەگرتنی مافی ژنان و خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئەم توێژە، مەیدانی تێزی پیاوسالاری لە ئەقڵی پیاوان تەسک کردۆتەوە. ئەمەش مایەی دڵخۆشییە.

ئەوەی هەمیشە بیرمان لێکردۆتەوە یەکسانی و دادپەروەری. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان بە رەنگاری یەکێک لە هەڵوێستەکانی هاوسەرانمان بوبینەوە و کێشەمان بۆ دروست بووبایە، دڵنیاشباین ئێمە لەسەر هەقین، لەبەر خاتری تێکنەچوونی شیرازەی خێزانەکانمان بۆ هاوسەرەکانمان ملمان کەچ کردووە،، دابونەریتیش، بەتایبەتی ئەو نایەکسانیەی لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، چۆکمان پێ دادەدات.!! هەر بۆیەش لە دوا دەنگداندا، ناتوانین وەک خۆمان بیربکەینەوە.

بەڕای من پێویستە ئێمەی ژن خۆمان وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە. توندوتیژی چەند بەهێز بێت توانای ئەوەی نییە بیرکردنەوەمان زەوت بکات.

# ئەگەریان چاند سەوز نەبوو



**کەژاڵ ئیسماعیل**
kazal_8@hotmail.com

## دوعای بیست و یەک

خۆزگە ئەمزانی بۆ ئەمەنە دەم بەهاوارە و بەرگەی هیچ ناگرێت؟ هەر خەبەرێکی ناخۆش یان دڵشکێن ببیستێت وەک فیشەکە شێتە بە ئاسمانا ئەچێت و دەست بە هاوار و بۆڵەبۆڵ ئەکات. وا ئەزانێت بەوە کار مەیسەر ئەبێت، ئەبێ چی بیستبێت وا ئاگر ئەکاتەوە!؟

چیم بیستووە، جا شتێک هەیە دڵی پێخۆش بکەم ئەڵێی بووی بە فیشەکەشێتە، شاڵا ببوومایە بەساروخ و بچوومایە بەرزترین ئاسمان و ئیتر نە کەسم بدیایەو نە هیچم ببیستایە، ئاخر چۆن نابۆڵێنم هەر ڕۆژە یان بابڵێم هەر ساتەی خەبەرێکی ناخۆش ئەبیستم، تاشتێک بیر خۆم ئەبەمەوە شتێکی ناخۆشتر یەتەسەری. داخی ئەو عالەمەش لە قسەی زل و بێ مانای خۆیان ناکەون، بوون بە تووتی هەر ئەیڵێن و ئەیڵێنەوە...!

ئەوی تۆی خستۆتە حاڵەتی هاوار و بۆڵەبۆڵ زۆر دەمێکە ئێمە ئەیزانین و خۆمان لێکردووە بەکەڕەی شەربەت (ئەرێ کەڕەی شەربەت کاتی خۆی لەسلێمانی نەژیاوەو سیخوڕنەبووە؟)، هەزار جاریش هاوار بکەی هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێت، تەنها ئەوە نەبێت کەشتەکان پاش و پێش یان جێگۆڕکێیان پێ ئەکەیت (زۆر ووتن سەر ئەیەشێنێت و قسەی کاڵفامیش کەس گوێی بۆناگرێت مەگەر هەر خۆی وەک زوڕنا بیژەنێت!!).

ئەزیزم بامن پێت بڵێم ئەتەوێ بڵێی چی. بۆ مەسەلەکەی (بیکر ـ هاملتون) زۆر هات و هاوار بەرز بۆوە، کەس نە گوێ، تەنانەت لووتیشیان تێنەکردین. صدام حسێن ئیعدام کرا زۆر کەس ئاخیان بۆ هەڵکێشا و گەر نەبوونایە بە لۆمەی دونیا پرسە و سەرەخۆشیان بۆ سازئەدا. جارێکی کەش زیندونابێتەوە تا بۆخۆمانی ئیعدام کەینەوە.

کاک بۆڵەبۆڵ.. ئەمەنە مەشاکیل زۆرە نازانین لە کامیانەوە دەست پێبکەین، تۆ داخی قسەی عالەم ئەخۆی. من ئەڵێم کەسێکم نەبینی خۆی شتێکی باشی پێ بێت و خزمەت بەخەڵک بکات، ئینجا تەوس و پلار بهاوێت. غەم مەخۆ تەنها کاڵفام و دەروون نەخۆشەکان گۆشتی خەڵک ئەجوون و وەک شەمشەمە کوێرە لە تاریکیا زوڕەیان یەت. من خۆشحاڵم ئەوانەی بوونەتە داخی دڵی تۆ وەک میزەڵانی غازی ئاوساون و چوون بەرەو قوژبنی سەقفەکان و، بەحەواوە وەک (هینی ناوگەنم ئەوەڕن ) نازانن کێشەکان ئەمە نە زۆرن و ژیان ئەمەنە جەنجاڵە، کەس گوێیان بۆ ناگرێت.

مەبۆڵێنە ئەوا من هەندێکیانت بۆ ئەخەمە ڕوو..

ئەگەر دۆلار دابەزێت نەوت و بەنزین و غاز بەلاش ئەبێت، چونکە ئەمەنە زۆرە پێویست بەفرۆشتن ناکات.

ئەگەر ڕۆژی دووسەعات کارەبا بەن بەخەڵک، ئەوا کەس درەنگ ناخەوێت و بیر لەژیان ناکاتەوە.

ئەگەری ئەوەهەیە توورو شێلم و سەوزە و میوە بە دۆلار بفرۆشرێت تا دڵیان لەخۆیان دانەمێنێت.

ئەگەر حکوومەت بیرێکی ئیرتیوازی لێبات لە دوکان، ئەوا کارەبا شەووڕۆژ بەردەوام ئەبێت، چونکە سەدەکە پڕ ئەبێت.

ئەگەری یەک قڕکردنی شیعە و سوننە لەعێراق بووە بەڕاست و وا خەریکە پێشمەرگە ئەنێرن بۆ ناوبژی.

حەلکردنی کێشەی تەلەبەکانی کولیەی تەربییەی سلێمانی وەک کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە ئەگەر و نەگەردایە.

ئەگەری دەرچوونی هەموو تەلەبەکانی کوردستان بەکامیل مەڕاحیلەوە لەژێر مۆرکردندایە، ئەڵێن لەبەر زۆری کارەبا چاویان یەشێت.

ئەگەری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی فرەژنی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت لەناو چینی مەنسوولیندا و وادیارەهەروا درێژەی ئەبێت.

بۆ دڵنەوایی و قەرەبووکردنەوەی خەڵکی کوردستان حکوومەت لەگەڵ شەریکەیەکی تازەی یابانی بەناوی (نەوتتاڵ) بە ئەگەری دروستکردنی هەموو کەرەسە پێویستەکانی ناوماڵ ڕێک کەوت بەمەرجێک یان بەئاو یان بەنەوت ئیش بکەن.

ئەگەر ناوی چوارڕێیانی سەرچنار بگۆڕن، دەنگ هەیە ناوی«نۆسترادامۆس»ی لێ بنێن، بەڵکو پێشبینی بۆ ئایندەی شارەکە بکات.

ئەگەر تۆش مانووبووی لە بۆڵەبۆڵ، دوعایەبکە باهەموو بڵێین ئامییین: (خوایە فرسەتی ئەو عالەمە بەیت بۆ تەحەمولکردنی دەردەسەری و، میزەڵانەکانیان بەحەواوە شەقبەرێت!).

# قۆناغی باڵغ بوونی کچان و چەند ئامۆژگارییەک

## چۆن فریای تەندروستی کچەکەت دەکەوی لەکاتی باڵغ بووندا

**وەرگێرانی: ژوان صالح عباس**

قۆناغی بالغ بوون قۆناغێکی هەستیارە، بەتایبەتی لە ژیانی کچاندا چونکە ئەوان کە دەگەنە تەمەنی بالغ بوون بەشێوازو رەنگی جیاجیا تووشی گۆران و کێشەو گرفت دەبن، ئەمانەش کار دەکاتە سەر خودی ئەوکەسە.

قۆناغەکانی بالغ بوون مرۆڤ لە جیهانی منداڵی دەپەڕێنێتەوە نێو جیهانی گەورەکان و تووشی رووداوی فریاکەوتن دەبێ، پێویست بەوە دەکا کە چاودێری بکرێت، چونکە ئەگەر زوو فریانەکەوتی ئەم قۆناغە وا لەکچان دەکا رایان بکێشێتە نێو جیهانی رابواردن، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی تەسک و تێگەیشتنێکی هەڵە لەو قۆناغەدا روودەدا. وە لەخوارەوە دەتوانین دەست نیشانی چەند هۆکارێکی گرنگ بکەین کە دەبنە هۆیەک بۆ فریاگوزاری ئەو کچانە تا تووشی هەڵە نەبن.

١-نیشان نەدانی سنگ بە شێوەیەکی بەرزو قیت، ئاشکرایە لە جیهانی مێینەدا هەر گۆرانێک لە لەشدا کاریگەری خۆی هەیە، بێگومان کاتێ لەشی مرۆڤ لە گەشەکردندا دەبێ هەندێ شوێن دەبێتە سەرنج راکێش بۆ دەوروبەرەکەی بەتایبەتی لەوکاتەی کە جیاوازی بەدی دەکرێ لە هەندێ ئەندامی مێینەدا جا لەبەرئەوە هەندێ لەوکچانە ئەو جیاوازیانە دەقۆزنەوە بەتایبەتی ئەو کاتەی سەیری کچێک دەکەین کە سنگی بەرزو قیت بۆتەوە، یان جیاوازی لەنێوان سنگی کچێک لەگەڵ کچێکی تر، هەندێ کەس پەنجەی تاوان بۆ رۆڵی خواردن درێژ دەکەن لە هەڵگیرسانی فتیلی ئەو ئاگرە، بەڵام لە راستیدا بنچینەو رەگی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە هۆرمۆنیەکان. بۆیە هەندێ کچ شەرم دایدەگرێ کاتێ هەست دەکا سنگی گەورەو بەرز بۆتەوە هەوڵ دەدەن بەرێگای نەشتەرگەری چارەسەری ئەو دیاردەیە بکەن و خۆیان رزگار بکەن، بەڵام ئەوە هیچ پێویست بەترس و دڵە راوکێ ناکا هەتا ئەگەر سنگی کچێک لە ئەوی تر بەرزو قیت تر بێ ئەمەش حالەتێکی ئاساییە، وە زۆرجار نەشتەرگەری زیانی زۆری هەیە ئەگەر بتەوێت سنگت بچووک بکەیتەوە چونکە ئەو جۆرە نەشتەرگەریانە پلەی هەستیاری لە مەمک کەم دەکاتەوە تەنیا لە دوو حاڵەت دا نەبێ: ١- ئەگەر جیاوازیەکی گەورە هەبێت لە قەبارەی مەمکەکان ٢- ئەو کچە دەبێ چاوەڕوان بێت تا دەگاتە قۆناغی خۆناسین.

٢-زیپکەی گەنجان و خۆراک: ژمارەیەکی زۆر لەو گەنجانە کە دەگەنە قۆناغی بالغ بوون کۆت و پێوەند لەسەر سیستەمی خۆراک دادەنێن، گومان لەوە دەکەن کە هۆی سەرەکی زیپکەی گەنجان بۆ خۆراک دەگەرێننەوە. بەڵام تاکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی ئەوتۆ لەبەردەستمان دانیە کە ببێتە بەڵگەو پاڵپشتی لەو خاڵە بکا،بەڵام دەتوانین رۆڵی خۆراک بەرۆڵێکی بەڵگەو پاڵپشتی لەو خاڵە بکا، دەتوانین رۆڵی خۆراک بەرۆڵێکی مام ناوەندی لە قەڵەم بدەین، بەڵام لە راستیدا پێویست بەوە ناکرێ کە پێوەندو سانسۆر لەسەر ژەمەکانی خۆراک دابنرێت، بێگومان هۆرمۆنات رۆلێکی سەرەکی دەگێرێ لەسەر هەڵدانی زیپکە بەتایبەتی لەدەم وچاوی ئەو گەنجانەی کە دەگەنە قۆناغی بالغ بوون، زیادبوونی هۆرمۆنات لە لەشی مرۆڤدا یارمەتی دەرکردنی رێژەیەکی زۆر لە چەوری دەدا، لای هەموومان ئاشکرایە کە رژانی ئەو چەوریانە لەسەردەم و چاو دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ تەشەنەکردنی ئەو زیپکانە. جگە لەمانە بەکارهێنانی هەموو جۆرە کرێم و بۆدرەو کەلەوپەلی جوانکاری رۆڵێکی خراپ دەگێرن بۆ ئەم کێشەیە چونکە ئەمانە رێگا لە بەتاڵ کردنی خانەکانی پێست دەگرن بۆ ئەوەی چەوریەکان بنێرێتە دەرەوە.

٣-رێجیم و منداڵ بوون: زۆر لەو کچە گەنجانەی کە پەیرەوی لەکەم کردنەوەی کێشیان دەکەن بەهۆی رێجیمە ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ وەستانی خوێن بەربوونی مانگانە. ریجیمی خۆراکێکی توند دەبێتە هۆی دروست کردنی کێشەو ناتەواوی لە کرداری ئەندامەکانی لەش ئەمەش رەنگە لە داهاتوودا کار لە منداڵ بوون بکا، بۆیە پێویستە پەیرەوی ریجیمی قورس نەکەیت، چونکە ئەم جۆرە ریجیمانە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆکارێک بۆ فەشەل هێنان و نەپێکانی ئامانجەکەی.

٤-قەڵەوی ورگ ورانەکان: ژمارەیەکی زۆر لەو کچانە بە دەست زۆربوونی زیادەی چەوری و کەڵەکە بوونی بەز لەناو لەشیاندا دەناڵێنن بەتایبەتی لە ورگ ورانەکان ئەم چەوریەی کە لەم دوو ناوچەیە کۆدەبێتەوە وا لەلەشی مرۆڤ دەکا زیاد لە پێویست قەڵەو ببێت، ئەمەش وای لێ دەکا بڕوای بەخۆی نەمێنێ بۆیە بەناچاری پەنا بۆ نەشتەرگەریی دەبا بۆ لابردنی ئەو رێژە چەوریە، جا ئازیزەکەم پێویست بەوە ناکا پەلە بکەیت و بەخێرایی بیر لەوجۆرە چارەسەریە بکەیتەوە، دەبێت ماوەیەک چاوەڕوان بیت تا دەگەیتە دوا قۆناغی بالغ بوون.

٥-رووشانەوەی پێست: هەرچەند کێشی لەشت لە زیادبووندا بێت کارێکی خراپ بە پێست دەگەینێ و تووشی نەخۆشی پێستت دەکا بەڵام ئەمە بۆ هەموو کچێک یەکسان نیە، زۆر کچ هەیە پێستی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێ تا کۆتایی بێ چارەسەر دەمێنێتەوەو هیچ داودەرمانێک نیە چارەسەری بنەرەتی بۆ بکا بۆیە گرنگ ئەوەیە بەباشی ئاگاداری زیادبوونی کێشت بکەی.

٦-موو دەرچوون لە لەش: مووی دەرچووی زیادە یەکێکە لەو گرفتانەی تووشی زۆر ئافرەت دەبێ و پێوەی دەناڵێنن بەتایبەتی لە قۆناغی بالغ بووندا ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هۆکارە هۆرمۆنیەکان لە لەشدا ئەمەش هیچ پەیوەندی بە ژەمەکانی خۆراکەوە نیە، باشترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆری نەخۆشیەکانی پێست بکەی بۆ دۆزینەوەی باشترین رێگا بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم گرفتە



# ئافرەتێک ... لەپەنای خۆشەویستی دەستدرێژی دەکرێتە سەر



توێژەری کۆمەڵایەتی:
جمال حسین سادق

بەشەرمێکی زۆر تەماشای دەکردم، کە پرسیارم ئاراستە دەکرد دەم و چاوی سوور هەڵدەگەڕاو لێدانی ترپەی دڵی خێراتر دەبوو، لێم پرسی تۆ لەو تەمەنە ناسکە چۆن دەتوانی بەرگەی ئەو هەموو ئێش و ئازارە بگری؟! بەنیگەرانیەوە ویستی وەڵامم بداتەوە بەڵام بە هەردوو دەستە ناسکەکانی چاوەکانی خۆی گرت و دڵۆپە فرمێسکەکانی تک تک دەرژایە سەر رووومەتە زەردەکانی وتی نازانم لە کوێوە دەست بکەم بەگێڕانەوەی سەربوردەی ژیانم چونکە هەمووی هەرخەم و خەفەتە من ئامۆزایەکی خۆم بێ سنوور خۆش دەویست، بڕوابکە نەمدەتوانی یەک دەقیقەش لەبیری بکەم هەرچەندە رۆژانە بە بەردەوام یەکتریمان دەدی و بەیەکتر شاد دەبووینەوە نەخشەی ئایندەیەکی گەش و رووناک لە دڵ و دەروونمدا رەنگی ئەدایەوە، خۆشەویستیەک پڕ بەمانای خۆشەویستی بەڵام بەداخەوە پاش ئەو هەموو دەردەسەریە ئامۆزاکەم بێ وەفا دەرچوو نەم دەزانی بەم شێوەیە ماڵم لێ وێران دەکا، ئاخ چەند ناخۆشە ئەو بیرەوەرییە تاڵانەی بۆ بەدبەختێکی خێر لەخۆ نەدیوی وەک من. ئەمانە هەموو نزاو پارانەوەی ئەو کچە بوو کە ناوی (شەهلا) بوو، شەهلا تازە تەمەنی دەگەیشتە (٢١) بەهار بەڵام ئەوەندە دەردەسەری و ئازاری چەشتبوو وەک بڵێی تەمەنی زۆر لەوە گەورەتر بێت. (شەهلا) لە درێژەی باسەکەی کە بە قورگی پڕ لەگریانەوە دەیگێڕایەوە دەی وت: ئامۆزاکەم لە پەنای خۆشەویستی منی هەڵخەڵەتاند . (شەهلا) دەگێریتەوەو دەڵێ: رۆژێک من بەتەنیا لەماڵ بووم ئامۆزاکەم هاتە ماڵەوە کە هەستی کرد من بەتەنیام ئەویش ئەو هەڵەی قۆستەوە هەندێ گاڵتەو گەپی لەگەڵ کردم و بینیم رەنگی گۆڕاو دەستەکانی خستە سەرشانم و ویستی ماچم بکا، بەڵام من خۆم لێ دوورخستەوە کەچی ئەو وەک شێتانی لێهاتبوو هەرلێم دەهاتە پێش منیش خۆم دەپاراست دواتر پێی وتم شەهلا بۆ لێم دەترسی ئەی ئێمە ئامۆزای یەکتری نین، شەهلا وتی: هەستم کرد کە هەڵس وکەوتی ئامۆزاکەم سروشتی نیە لێی پارامەوە کە بچێتە دەرەوە نەوەک یەکێک بەم شێوەیە بمانبینێ و ئابڕومان بچێ، بەڵام ئەو بەتوورەییەوە وەڵامی دامەوەو وتی: کەس ناتوانێ ئابڕوی من و تۆ بەری ئێمە ئامۆزای یەکترین بۆیەک دەبین تا مردن، من ویستم بچمە دەرەوە بەڵام ئەو بەتوندی دەستی گرتم و بەرەو ژوورەوە رای کێشام، پێم وت: بیکە خاتری خوا وازم لێبێنە و ئابڕوم مەبە، بەڵام ئەو دەم وچاوی گۆڕابوو چاوەکانی سوور هەڵگەرابوون منی خستە ژێر خۆی و بەزۆر دەست درێژی کردە سەرم و پەردەی کچێتی پێ نەهێشتم و پاشان هەرەشەی لێکردم بەهیچ شێوەیەک لای کەس باسی ئەو کارە نەکەم و بەڵێنی پێدام کە مارەم بکا، منیش دانیشتبووم دەگریام کە باوک و براکانم گەڕانەوە نەمتوانی ئەو نهێنیە لای کەس بدرکێنم یەک شت مابوو دڵم پێ خۆش بوو ئەویش ئەو بەڵێنە بوو کە پێی دابووم دەی وت: مارەت دەکەم رۆژان هات ورۆیشت بێ ئەوەی بێتە داخوازیم لەگەڵ ئەوەشدا لەم لاو لەولا خەڵک دەهاتنە داخوازیم بەڵام من نەم دەوێرا رازی بم چونکە دەمزانی تووشی کێشە دەبمەوە، پاش چەند مانگێک ماڵێک هاتنە داخوازیم کەسەیری زاواکەم کرد هەستم کرد کورێکی کەمزان و ساویلکە دیاربوو هەربۆیە بریارمدا تازووە شووی پێ بکەم دوای ئەوەی کە کرامە بووک و چوومە ئەو ماڵە نەمدەزانی چەند کات ژمێرێک ماوە هەموو نهێنیەکان ئاشکرا بن و رووبەرووی سزای مەرگ دەبمەوە، ئەوەندە دەترسام خەریک بوو شێت بم و لەوماڵە بچمە دەرەوە روو لە چۆڵی بکەم، کەشەو داهات ئەو کورە هاتە لام خۆشبەختانە هەستی بەهیچ شتێک نەکرد، لەدڵی خۆمدا وتم ئۆخەی لە مردن رزگارم بوو، بەڵام دوای چوار پێنج مانگ نیشانەی دوو گیانیم لێ دەرکەوت رۆژ بەرۆژ سکم گەورە تر دەبوو پاشان رۆژێکیان ژانم گرت منیان گەیاندە نەخۆشخانەو لەوێ منداڵەکەم دانا، هەر لە نەخۆشخانە ماڵی زاوا بەجێیان هێشتم و حاشایان لێکردم و لەوسەین و بەینەدا دەنگ و باسەکە بڵاوبۆوە تا پۆلیس ئاگادار بۆوە منیان دەستگیر کرد، پاش ئەو کارەساتە گەورەیە ماڵی مێردەکەم تەڵاقیان دام ئامۆزاکەشم رازی نیە بم خوازێ هەر چەندە من بەکەس و کاری خۆم راگەیاند کە ئەو ئامۆزایەم سەرەتا دەست درێژی کردۆتە سەرم، هەرچەندە کەس وکارم لە هەوڵی ئەوەدان ئازادم بکەن بمبەنەوە ماڵەوە بەقسەی خۆیان دەڵێن لێت دەبوورین بەڵام خۆم نازانم چ چارەنوسێک چاوەڕوانم دەکا. بۆیە ئامۆژگاری هەموو ئافرەتان دەکەم کە بەهیچ شێوەیەک بەگفت و بەڵێن و قسەی زل و بێ مانای ئەم و ئەو هەڵنەخەڵەتێن چونکە هەرکەسێ ئامانجی لە خۆشەویستی پاک بێت مەحاڵە بیر لەکاری خراپ بکاتەوە. چونکە خۆشەویستی مانای ژیان دەبەخشێ نەک وێرانکردنی ژیانی مرۆڤێک.

**ئامۆزاکەم دەست درێژی کردە سەرم و بەڵێنی پێدام مارەم بکا بەڵام درۆی کرد!!**

# رازاو .. ئەو کچەی بەسووتاندنی جەستەی خۆی وەڵامی زوڵم و ستەمی باوک و براکانی دایەوە



ئا: نڤار زاخۆیی

ئەو کۆمەڵگایەی ئێمەی تیادا دەژین تا ئێستا ئافرەت بەبوونەوەرێکی نامۆو بەچاوێکی کەمتر لەپیاو سەیر دەکرێت و زۆر جاران ژیانی ئافرەتان دەبێتە حەزوو ئارەزووەکانی پیاوو دیاردە قێزەونەکانی نێو کۆمەڵگاکەشمان وەکو جاران رەنگدانەوەی نێگەتیڤانەیان بەسەر ژیانی ئافرەتانی کوردەوە هەیە .

رازاو .. ئەو کچە خوێندکارەی هەر لەسەرەتای تەمەنی گەنجیەتییەوە هەموو حەزو خۆزگەو ئومێدە سەوزەکانی کەوتنە بەر رەشەبای رق و بێبەزەیی باوک وبراکانی لەپێناو دەسکەوتنی پارەو سامان و بەدیهێنانی ئەو حەزو خولیا تەنیاچاویان بڕیبووە ئەو هەموو ماڵ و سامانەی کە بەفرۆشتنی رازاو دەستیان دەکەوت .

رازاو . هەر لەسەرەتای تەمەنی چاوە کاڵ و باڵا بەرزەکەشی وایانکردبوو ببێتە جێگای سەرنج و تێڕوانینی خەڵکی، دوای ئەوەی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دووەمدا بوو کاتێک کابووسێکی رەش بەرۆکی گرت و کەوتە نێو تۆڕی چاوە پڕ لە تاوان و حەزە نەزۆکەکانی پیاوێک کەپارەو

## دەربڕینی نارەزاییەکانی رازاو هەموو جارێک بەلێدان و قژ دەرهێنانی لەلایەن باوک و براکانیەوە وەڵام دەدرایەوە

سەیرو گڵاوانەی کە لەنێو ناخیاندا پەنگیان خواردبۆوە، بێئەوەی گوێ بەغەدرو زوڵمێک بدەن کە گوڵی تەمەنی مرۆڤێک دەژاکێنێت و هەموو حەزو خۆزگەکانی زیندە بەچاڵ دەکات، ئەوان هەرزەکارییەوە وەکو مرۆڤێکی هەست ناسک و بە بەزەیی هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا دەکرد و چاوە گەش و پڕ لەهیواکانی دوارۆژێکی پڕشنگداریان لێ بەدیدەکرا، و دواناوەندی بەسەرکەوتوویی بڕی و رووی کردە کۆلێژ هێندەی تر ئارەزووەکانی گەورە بوون و دوارۆژیان لەلا گەورە ترو خۆشەویستتر کرد، قۆناغی یەکەمی کۆلێژی بڕی و لە قۆناغی سامان و دەسەڵات لەخۆباییان کردبوو .

حمید .. ئەو پیاوەی جگە لەوەی خاوەنی دو ژن بوو بەردەوام بەدوای هەوەس بازی و کاری نامرۆڤانەدا دەگەڕاو زەنگینی و دەسەڵاتەکەشی فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ بەدیهێنانی حەزو نیازە پیسەکانی، دوای ئەوەی بەرێکەوت و لەنیوەڕۆیەکی بەهاریدا رازاوی لەبەردەم کۆلێژەکەیاندا بینی، جوانی و بەژن و باڵاو چاوە کاڵ و قژە خاوەکەی سەرنجیان راکێشا، بۆیە کەوتە دوایوو ماڵەکەیانی دۆزیەوە دواتریش هەموو رۆژێک و هەرجارەی بە ئۆتۆمبێلێک سەرەرێی پێدەگرت و داوای لێدەکرد کە لەگەڵیدا سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت، بەڵام هەموو جارێک رازاوی خاوەن کەسایەتی و رەوشت بەرز بە تف و جوێن وەڵامی دەدایەوە، حمید کەزانی هەوڵەکانی بێسوودەو ناتوانێت مەبەستە گڵاوەکەی بپێکێت ناچار لەرێگای کەسێکی دۆستی باوکی رازاو کە لەخۆی بێبەزەیی ترو داوێن پیستر بوو داوی رازاوی کرد .

ئەگەرچی سەرەتا لەلایەن باوک و براکانی رازاو داواکەی رەفز کرایەوە بەڵام ئەو بەردەوام بوو لەرێگە گرتن بەرازاوو ئەو کچە دەروون پاکەش لەپێناو پارستنی کەسایەتی و ئابڕوی خۆی جگە لەچەشتنی خەم و ئازارو مەینەتییەکان هەمیشە ئەو کارەی دەشاردەوەو نەیدەهێشت هیچ کامێک لەئەندامانی خێزانەکەی درکی پێبکەن، حمید دوای ئەوەی چوار جار نارد بوویە خوازبێنی ئەمجارەیان بۆخۆی لەگەڵ چەند پیاوێک چوونە ماڵی باوکی رازاوو هەژاری و کەمدەرامەتی ئەو ماڵەی قۆستەوەو لەرێگەی نیشاندانی پارەیەکی زۆرو دوو ئۆتۆمبێل بۆ باوک و براکانی خەونەکەی هاتەدی .

بەمەش ئازارەکانی رازاو هێندەی تر گەورە بوون و بێئەوەی باوک و براکانی گوێ بەنزاو پاڕانەوەی ئەو بدەن بڕیاریاندا کە بیدەن بە حمید و دەربڕینی نارەزاییەکانیشی هەموو جارێک بەلێدان و قژ دەرهێنانی لەلایەن باوک و براکانیەوە وەڵام دەدرایەوە، ئەو بێنەو بەردەیە کە رۆژانە هێندەی هەموو دونیای خەم وئازار بە دەروونی رازاوی ناسک دەبەخشی نزیکەی دوو مانگی خایاند، تا ئەو ئێوارەیەی کۆتایی بە بەرگریەکانی رازاو هێناو بێئەوەی مەلا پرسی پێبکات لە حمیدی مارەکرد .

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوەکانی رازاو بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خۆری رۆژی دوایی لەنێو حەوشەی ماڵەکەیاندا هیواکانی کۆتاییان هات و بەسوتاندنی جەستەی ناسکی بەرپەرچی زوڵم و ستەمی باوک و براکانی دایەوەو کۆتایی بەتەمەنی خۆی هێنا .

**حەمید .. ئەو پیاوەی جگە لەوەی خاوەنی دو ژن بوو بەردەوام بەدوای هەوەس بازی و کاری نامرۆڤانەدا دەگەڕاو زەنگینی و دەسەڵاتەکەشی فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ بەدیهێنانی حەزو نیازە پیسەکانی**

# حەبیبە بابان ... شـــیعر جوانییەک دەداتە ژیان



حەبیبە بابان لە ساڵی (١٩٧٤) لە دایک بووە، ماوەی (١٤) ساڵە لە رادیۆ کار دەکات و (٩) ساڵە شیعر دەنووسێت. ئەندامی بنکەی رووناکبیری گەلاوێژە لقی رانیە. پەیامنێری رۆژنامەی ژیانەوەیە.
دیمانە: سەباح شێخانی

***بۆ دەنوسیت؟ ئەوشتەی ئازارت دەدات چییە؟**
دەنووسم بۆئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە لەناخەوە ئازارمان دەدەن بیانخەمە سەر رووپەری نووسین. ئازارەکان زۆرن پێویستە پیشانی یەکتری بدەین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستمان بەهەموو ئەو شتانە هەیە کە وشیارو بە ئاگامان دەهێننەوە. سەبارەت بە ئازار ئەوە هەموو شتێک ئازارم دەدات، هەموو شتە جوان و ناخۆشیەکان دەمهەژێنن. پێویستمان بە هەموو ئەو شتانە هەیە.کە وشیارو بەئاگامان دەهێننەوە. پێویستە هەریەک لە ئێمە لە ئاستی خۆمانەوە شتێک بکەین بۆئەوەی خەڵک لەو مەشغولیە ئاگاداربکەینەوە ژیان بەردەوامە بەڵام مرۆڤەکان ناتوانن لەگەڵ ئەو بەردەوامیەی ژیان بەردەوام بن ئەمەش وا دەکات ببینە دۆستی خەمەکان و لەخۆشی ژیان دابېرێین. بەهەموو مانایەک دەبێت لەگەڵ ئەو ژیانەی ئێستا بەردەوام بین.

***ئەگەر ژیان خالی کرایەوە لە شیعر ئەوکات چی؟**
شیعر ئەوەندە زیندووە ئەگەر نەیکوژیت نامرێت! شیعر جوانیەک دەداتە ژیان، ئەگەر شعر نەبێت دنیا شتێکی دیکە دەبێت. مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام شیعر دەتوانێت کۆمەڵایەتی ترت بکات.

***ئایا شتێک هەیە ناوی ئەدەبی ژنانە بێت؟**
باوەرم بە ئەدەبی ژنانە نییە، ئەدەب هەر ئەدەبە بەڵام کەسەکان بۆ خۆیان جیای دەکەنەوە. جیهانی ئەدەب فراوانە، هەریەک دەتوانێت لە ئاستی خۆیەوە ئیشی تێدا بکات. بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە لەسەر هەموو شتێک خاڵێک دادەنێت. لەدوای هەموو شتێک سنوورێک بەجێ دەهێڵێت.

***زیاتر خۆت لە شیعر یان لەکاری رادیۆیی یان شتی تر دەبینیتەوە؟**
خۆم لەنێوان هەموویان دەدۆزمەوە، ناتوانم لە هیچیان دابېرێم.هەموویان گوزارشت لەمن دەکەن. من رەگەزێکم لەنێوان هەموویان دەژیم. هیوادارم بتوانم بەردەوام بم.

***رات چییە لەبەرامبەر ئەو گەنجانەی کە زوو بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە؟**
هەست دەکەم (خێرایی و پەلە پەل)ێک هەیە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ئەوان دەیانەوێت هەرشتێک کە دەینووسن زوو بە زوویی بڵاوی بکەنەوە. بە بۆچوونی من هیچ شتێک لە ژیان خێرایی ناوێت..

***پیاوان زۆریان بۆ ئافرەت نووسیوە تۆچیت نووسیوە بۆ پیاو؟**
کەمتر شیعرم بۆ پیاو نووسیوە، زیاتر شیعرم بۆ لایەنی مرۆیی نووسیوە.

***چەند لەخۆت رازیت؟**
خۆشحالم بەڵام لەبواری نووسیندا کەمتر لەخۆم رازیم ئەوەش وادەکات قوڵبوونەوەم زیاتر بێت. من رازی نیم لەخۆم زیاتر ترسم لە رازی نەبوونی کەسانی بەرامبەرمە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مرۆڤ بەردەوام لە گۆراندایە، پێویستە هەنگاو بنێین بەرەو شتی نوێ. هەمیشە دەبێت لەگەڵ ئێستا بژی. نابێت بگەرێینەوە بۆ دوێنێ، گەرانەوە بۆ دوێنێ کۆتایی بەهەموو شتێکمان دەهێنێت. گەرانەوە بۆ دوێنێ کۆتایی بە بوونمان دەهێنێ.

***رات لەبەرامبەر ئەو وشانە چییە؟**
**جوانی:** شتی جوان زۆرە وەک لێبوردەیی، قەناعەت، راستگۆیی، رەنگەکان جوانن، جوانیەکان بێ دەنگن.
**گوڵ:** جوانە
**شیعر:** دنیایەکی پر لەجوانی و هیواو خۆشەویستیە. شیعر زمانێکی بێ دەنگە، هەموو زمانێکی (بێ دەنگ)یش جوانە.
**پیاو:** وەکو مرۆڤ جوانە، ئەگەر لە جوانی خۆی کەم نەکاتەوە.
**خۆشەویستی:** بەهرەیەکی خواییە، خوا دایبەزاندووە بۆ مرۆڤەکان.
**رانیە:** زێدی لە دایک بوونمە.

## کورتە چیرۆک

# هەناسەکانی بەرد و ژیانی پیاوێکی برسی

حەمەشوان شەریف
hotmail.com@Hamashwan١

لەوە بێزار ببووین کە بەسەرە نانمان دەخوارد و بەسەرە پێڵاوە نوێکەمان لەپێدەکرد !
هەر بەمنداڵی باوکمان مرد و دایکمان بەزوخاوی نەهاتنەوەی برا ئەنفالەکەمانەوە چاوەکانی کوێربوون
،،
بژێویمان سەختر باڵی لێدەسوین و هەژاری بوو بە ئاییندە و نەخۆشیەکی هەمیشەیی بۆمان، کە بووین بە مێرد منداڵ هەریەکەمان بەرێکەوت و ئارەزووی رۆژگار
گواسترایینەوە بۆ گوندێک و شارێک ..
من
ئاگام لەهەواڵی ئەوان نەما کە رۆژگار بەکام دەوراندا دەیان سوورێنێت .
گەورە بووم و لە ژێر چەتری گومان و باراندا دەگەوزام
ژیان بەلامەوە هیچ مانایەکی نەدەبەخشی تەنیا لە شکانی پارچەکانی خۆزگەکانم زیاتر .، هاورێکانم لە خۆم ماندو تردەهاتە پێش چاو،
تۆش بیان بینە !-
ئەوە ئازاد بوو مەستییەکی هەمیشەیی سەری خزاندبوویە کۆشیەوە،
بارام بوو وێڵی عاشقێکی یەکلایی پەنجەکانی پێدەگەزت،
نەوزاد عەودالی هەواڵێکی تازەی سارتەر *و خوێندنەوەی کۆتایی چیرۆکی ئەو شەوانەی خۆمم تیا کوشت بوو سەرقاڵی کردبوو،
پەیام بەدیار پەیامی خۆرەوە دەنوستوو و رۆژنامە نوسێکی درۆزن و بێبەڵێن و
بێهەڵوێست دەناسرا .
هیوا فەرتەنە
تێکەڵاو کردنی پێکەنین و گریان بە پێکەنینی- کورد ئاسا* رقمان لێهەڵدەستاو بەگریانی هاو بەشیمان دەکرد،
داخی عەلی کلۆڵیش با بووە ستێ هیوایەتی جگەرە وەرگرتن و داگیرسانی جگەرە هێمای سەرمایەیەکی مەزنی دەبەخشی بەو ! . عومەریش ئەگەر قەبریش بەلاش بووایە بۆ ساتێکیش بووایە لەناویدا رادەکشا
.....
منیش بە مانایەکی تر :
ورد ورد چاوی ژیان حەزی دەگەزتم و بۆ ئەوینی کێشدەکردم
تەمەنم لە چل لایداو وەک بارام عەشق گەزتمی
وەک باران بەخور دەگریام بۆ دوری و ناسکی ئەو
وەک بەفر لەشم دەیبەست بۆ بینینی
کەدەمبینی
دەیووت خۆشم دەوێیت و بەجوان تێیتەبەرچاوم
یان دەیووت هەڵۆ
لە هەرمێیەکی کاڵ دەچیت لەوە دەچێ کەس قەپی لێنەگرتبی !؟ .
یان : تەواوی نەدەکرد و دەمزانی ئەیەوێت بڵێ :
تۆ کۆیلەیت و زینجیری چاوەکانم زمانی بەستوویی .
بەراستی دەمپەرست
لەباوکمەوە راهاتبووم کە ئافرەتم خۆش بوێ
باوکم تامرد وێنەکەی دایکمی لەباخەڵابوو
یەک ژنی هێنا، بۆیەک ژن دەژیا، گەر بژمایە هەر یەک ژنی دەهێنا !
ئێوارە کە گەرامەوە بۆ ماڵەوە !
تەڵاق نامەکەی نوسی بوو بۆم و لەسەر رەفەشکاوەکەی هۆڵەکە جێیهێڵابوو
نوسیبووی -
بەپێی ئەو بریارەی ٣٢٢ مافی ئەوەم هەیە شویەکیتر بکەمەوە و ئارەزوم لێتنەماوە و کۆن بوی لەلام و سوواویت لام ،،
کۆنە ژنت .. ئاڵا،
منیش بەدوای بارامدا دەگەرام تا ئەم تەڵاق نامەیەی ئاڵای بۆبخوێنمەوە و دڵنەواییەکم باتەوە، بەر لەمن ئەو ماری ئەوین گەزتبویی !، بارامم دەستنەکەوت !
دوایی چەند رۆژێک نامەیەکی بۆناردبووم
نوسیبویی : هەڵۆ
دوای چەندساڵ دابران من و بەفرین بەیەک گەیشتینەوە
ژیان بەکێشەوە خۆشە برا شیرینەکەم هەر ماچە بەیەکترمان شاددەکاتەوە
بیرت دەکەم بەڵام ببورە سەرقاڵم هەرئەوەندە پێراگەشتم ئەم نامەیەت بۆ بنوسم و ئەم هەواڵە خۆشەت پێرابگەیەنم .
.. هاورێت بارام !؟ .
بەپێکەنینەوە نامەکەم خوێندەوەو چومەدەرەوە
بەسەرهاتەکانی ئەو رۆژانەم بۆ پیاوێکی برسی و بەردێکی رەق دەگێرایەوە کە تەنیا ئەوان لەوشارەدا پێڵوەکانیان دانەکەوتبوو بۆخەو .

## بۆ وە بێژ م



### شاکر ئاکرەیی

گەلیهەڤال و دە ستە برا
د وستێن کەڤن و دوستێن نی
ژ مێژە دسوژم ل هنا ڤا
گەلەک ما م دیماهی نەهات چەرخا فەلەک
ل من بەرزەبون هەمی بیرهاتن
بەرزەبون ئاخفتن ل ئەزمانی
ئەز راوەستام ب سەرفیرازی ومن گوت
ئەز نە پارتی مەو نەیەکەتی مە
نەئەز شیو عی مەو نەئیسلامی مە
نە ئیراقی مەو نە ئاپوچی مە
شورەشڤانم عیلما نی مە
ئەز کوردەکێ نیشتمان پەروەرم
ب شە ڤۆ رۆژ ئەز دگەرم
سەد سالیا (15) وەرە دەربەدەرم
وەلاتێ چوا ر پارچە کری ژێر دەستێ دوژمن
هەمی رەنگا مەکر خەبات و شورەشێن گە رم
نهاژی بەردەوامە تێکوشان ب هشیاری ونەرم
بەرپەرێن دیروکی بەلگێن توخیبێ وەلاتینە
گەر تە ڤیا ژمن ب پرسی وەرە
دەمێ هاتی بەرسڤ ئیرو یا فەرە
ل هەمی دنێ تە ڤ ب گەرە
دبێژن کورد چ لێ هاتن وا چ ل بەرە
د بێژم دەم هاتیە ل مە هابادێ بچین
بۆ ئورمێ و سێرو وا نێ
کەس نە بێژیت :کجا میری ئا غا
ل وێ بچین بۆئە رزە ورم و موش بە تلیس وئامەد
کەس نە بێژیت: ها قارداش کوملیک وا ر
ل وێ بچین بۆ ئە سکندرونە دێرە زووی وقامشلو
پاشی بۆ حەسەکە وعە فرین و شەنگال
کەس نەبێژیت : وێن را یح هات هەویە
ل شنگال ودهوک و میسل و حەمرین
بچین بۆ کەرکوک وسلێمانی و خانقین
کەس نەبێژیت: وێنەک کاکە عندک جنسیە
ل بەد را بچین بۆ کرمنشاە و قە سر شیرین
پاشی بۆ سنە سە قز و بوکان
کەس نە بێژیت وارد شودن مرز ممنوع است
ل وێ بچین بۆ ئە زربیجان وئیرڤان
پاشی بۆ قە رەباغ و لاچین و ماکو
کەس نەبێژیت پا سبورت وار
ئها گەلێ مە ئە ڤە دڤێت گەلی برا
ئە ڤە ئیرو یا فەرە ل مێژە تە ڤ کوردا ئە ڤ ل بەرە

## دەرزی دوریت

دەزۆی سپی دوری لەسەر شەوی ڤژم
تۆ نەزانی ئەسپی تووشی خەم را بێنی و
لەشەقامی تەنیاییدا بیغارێنی
ئەبێ دەرگای کام خوا لێدەم
گوڵ ئەستێرەی
باخچەی هیوای شەوار گەستەم
لەبەستەڵەک بپارێزێ
تۆ ئەتوانی زۆر بژمێری
دڵت وەکو نیشتمانە و
تەنیاییشت،
سەبوریشت...
من ئەزانم زۆر ئەژمێری
بەڵام خۆ تۆ بەتەنیا نیت
شەویش تەنیا
هەر ئەتوانێ چاوو کەڕ بکات
دەنگ هەڵێنە با بت بینم
کازێوە زۆر نزیکترە تا نیوە شەو
دۆێنێ و ئەمرۆ و سبەینێمان
پەلکە دەکەین
سەرپەلگەکەی گوڵی خەندە.

## تەنیایی



رەسووڵی سەفەریانی
safaryani@yahoo.se

من تانیاییم دەرژێتە نێو چۆمی وشە
چرکەکانم ئەدورێنم بە پیتەوە
ئازیزەکەم
لەم بەرزەخە
جل و بەری دەسەڵاتت پێ دەردێنن
روتی، روتی، رووت
هەڵتئەواسن بە سەلیبی چاوەڕوانی و
چرکەکانت
دانە دانە
یەک ...
دو .....
سێ ....
تۆ کە رۆڵەی شەوەزەنگیت
لە جەهەننم بویی لەدایک
خازمهەرێر گۆشی کردویی و
بە رەورەوەی چارەرەشی...
بۆ پێم دەڵێی

# گرنگرین دەسکەوتەکانی هەڵبژاردەی بەرازیل



**ژیلا تەیفور**

بەرازیل یەکێکە لەهەڵبژاردە بەناوبانگەکانی جیهان کەتائێستا بۆجاری پێنجەم لەدوای یەک بەرازیل بەباشترین هەڵبژاردەی تۆپی پێی جیهانی دەرچوە بەکۆکردنەوەی ١٥٨٨ خاڵ ڕیزبەندی یەکەمی پۆلینی باشترین هەڵبژاردەی مسۆگەر کرد گرینگرین دەسکەوتەکانی.

- لەساڵی١٩١٦-١٩١٧بەپلەی سێیە می جامی کوبا- ئەمریکا دەرچوو .
- ١٩١٩ بەدەستتهێنانی جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٢٠بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی جامی کوبا- ئەمریکا
-١٩٢١ گەیشتۆتە جامی کوبا- ئەمریکا.
- ١٩٢٢ بەدەستێنانی جامی کوبا- ئەمریکا.
- ١٩٥٢ گەیشتۆتە جامی کوبا- ئەمریکا
١٩٣٧ گەیشتۆتە جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٣٨بەدەستهێنانی پلەی سێیبەمی جامی جیهانی و وەرگرتنی مەدالیای برۆنزی
- ١٩٤٤ بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٤٥-١٩٤٦ گەیشتۆتە جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٤٩ بەدەستهێنانی جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٥٠ بەدەستهێنانی پلەی دووەمی جامی جیهانی دوای ئەوەی بەرامبەرهەڵبژاردەی ئۆرگوای دۆرا لەسەر خاکی بەرازیل بەئەنجامی٢-١
- ١٩٥٣ -١٩٥٧-١٩٥٨ گەیشتۆتە جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٥٨ بەدەستهێنانی جامی جیهانی لەسەر خاکی سوید دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی سوید بەئەنجامی٥-٢ کەلویس برلینی کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل بوو.
- ١٩٥٩ بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی جامی کوبا
- ١٩٦٢ بەدەستهێنانی جامی جیهانی دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی چیکۆ سلۆفاکیا بەئەنجامی ٣-١ لەسەر خاکی ئینگلترا کەئەوکات مالوری ئۆلێگێرا کاپتنی هەڵبژااردەی بەرازیل بوو.
- ١٩٧٠ بەدەست هێنانی جامی جیهانی دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی ئیتالیا بەئەنجامی ٤-١ کەئەوکات کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل (کارلۆس ئەلبرتۆ)بوو.
- ١٩٧٥ بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی جامی کوبا- ئەمر یکا
- ١٩٧٨ بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی جامی جیهانی کەوڵاتی ئەرجەنتین میوانداری ئەو ساڵی مۆندیالی کردبوو.
- ١٩٧٩ بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی جامی کوبا- ئەمریکا.
- ١٩٨٣ گەیشتۆتە کۆتایی جامی کوبا- ئەمریکا
- ١٩٨٩ بەدەستهێنانی جامی کوبا - ئەمریکا
-١٩٩١ گەیشتۆتە کۆتایی جامی کوبا- ئەمریکا
-١٩٩٤ بەدەستهێنانی جامی جیهانی دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی ئیتالیا بەئەنجامی ٣-٠کەئەوکات دۆنگا ڕاهێنەری ئێستای هەڵبژاردەی بەرارزیل کابتن بوو
- ١٩٩٥ گەیشتۆتە جامی کوبا- ئەمریکا.
-١٩٩٧ بەدەستهێنانی جامی کیشوەرەکان.
- ١٩٩٨ بەدەستهێنانی پلەی دووەمی جامی جیهانی دوای ئەوەی بەرامبەر بەهەڵبژاردەی فرەنسا دۆرا بەئەنجامی٢-٠لەسەر خاکی فرەنسا.
- ٢٠٠٢ بەدەستهێنانی جامی جیهانی دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەئەنجامی٢-٠کەئەوکات کافۆ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بوو لەسەرخاکی کۆریا و یابان.

شایانی باسە هەڵبژاردەی بەرازیل خاوەنی چەندین ئەستێرەی بەناوبانگە

## پرسەنامە

**بەناوی ستافی رۆژنامەکەمان (رۆژنامەی رزگاری)، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێز (بەکر تەیفور)و لە ڕێی ئەمیشەوە خانەوادە بەڕێزەکەیان دەکەین، بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکیانەوە، ئومێدەوارین ئەمە دواهەمین غەم و ناخۆشی خانەوادەکەیان بێت،**

**ستافی رۆژنامەی رزگاری**

## گۆشە نیگا

# پیاوان حەز لە ئافرەتی کەم دوو و بێ دەنگ دەکەن

**و: ڕێبوار ڕۆستەم**

مەبەست لە بێ دەنگی و کەم دوویی ئافرەت ئەوەیە خۆی دوورە پەرێز بگرێ لە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی، پیاوان زۆر حەزدەکەن لەگەڵ ئەم جۆرە ئافرەتانە هەڵس وکەوت بکەن، چونکە ئەم جۆرە ئافرەتانە دەتوانن زۆر نهێنی و وردەکاری و شتی نادیار بپارێزن بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە ماڵەوە هەبێ یان ئەوانەی پەیوەندیان بە هەڵس وکەوتی مێردەکانیانەوە هەبێت ئەمەش پێی دەوترێ قسەوقسەلۆکی رۆژانەی ئافرەت چونکە زۆر ئافرەت هەن نهێنیەکانی دراوسێ و خزم وکارەکانی بەتەواوەتی دەگوازێتەوە رەنگە لەو نهێنیانەش بێ دەنگ نەبێ کە پەیوەندی هەیە بە مێردەکەیەوە بەتایبەتی ئەوکاتەی کە لە ماڵ دەردەچێ تاکو گەرانەوەی. شاردنەوەی نهێنیەکان لەلای ئافرەت دەبێتە مایەی سەرنج راکێش و متمانەی مێردەکەی هەروەها کاریگەری دەبێ لەسەر کەسانی ترەوە.لە تازەترین توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە ئەو ئافرەتانەی تارادەیەکی باش بێ دەنگن و تەنیا بەرق هەڵسان توورەیی خۆی نیشان ئەدا، ئەم حاڵەتەش لەبەر لاوازی وبێ هێزی نیە بەڵکو کاردانەوەیەکی کاریگەرو چاوەروان کراوە تاکو هەموو ئەوانەی لەبەرامبەریدا دەوەستن بێ دەنگیان بکا.

بێ دەنگی پەیوەستە بە وریایی وە هۆیەکی بەهێزە بۆ یارمەتیدان لەسەرکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەگەڵ مێردەکەی، ئەو ئافرەتەی شێوازی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ و بەوریاییەوە پەیرەوی دەکا دەبێتە سەرنج راکێش بۆ دەوروبەرەکەی و گرنگی پێدانی ئەوانی تر، چونکە لەو بوارانەدا وا دەکا لەسەر هەڵەکانی بەردەوام نەبێ وە زۆر جار لە ئەنجامی وتووێژێکی توند دەکەوێتە نێوان ژن و پیاوەوە ئەوکات بێ دەنگی باشترین و سەرکەوتوترین رێگای چارەسەرکردنی گرفتەکانە.

# دڵتەنگی و هۆیەکانی چارەسەرکردن



توێژینەوەی زانستی چەند خاڵێکی گرنگیان دەست نیشان کردووە وەک ستراتیژیەکی زانستی تا بەکاری بێنن بۆ زاڵ بوون بەسەر گرفتە دەروونیەکان.گرنگترین خاڵ کە ئەم زانایانە جەختیان لەسەر کردۆتەوە بیرکردنەوەیە لەیادو بیرەوەریە جوان و سەرنج راکێشەکانی رابردوو تا لە هەستی تەنیایی و دڵتەنگی و خەمۆکی هێوربیبنەوە.

دکتۆر (فراید دیفینز) مامۆستایەکی دەروونناسی ئەمریکیە،یەکێکە لە پسپۆرە شارەزاکانی ئەم بوارە جەخت لەسەر گەرانەوە بۆ رابردوو دەکاو کە بەیەکێک لە تازەترین رێگا چارەکان دەژمێردرێ بۆ بنیاتنانی پەیوەندیەکی چاک بۆ ئەوکەسە، هەروەها بوارێکی باش دەرەخسێنی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژیانەی کە بەخێرایی دێت و دەڕوا کاتێ مرۆڤ یادی بیرەوەریە کۆنەکان و هەندێ لەو کەل و پەلە کۆنانە دەکاتەوە رۆژگارە جوانەکانی بیردەکەوێتەوە تارادەیەک چێژی لێ وەردەگرێ و لە دەرونیەوە دەیانپارێزێ. ئەمانەی خوارەوە بە گرنگترین خاڵی تایبەتی دەژمێردرێ پێویستە مرۆڤ پابەند بێت پێیانەوە:

١-دیارکردنی سەرچاوەی پاڵە پەستۆو کێشە دەرونیەکان. ئەمەش هەندێ جار بەئاسانی دەردەکەوێ رەنگە لەکاتی مردنی کەسێکی خۆشەویست، زیان کەوتن لە بواری دارایی، گواستنەوە لە شوێنی کار بۆ شوێنێکی تر، گیروگرفتی خێزانی. ئەمانە تارادەیەک ئازار بە دەروونی مرۆڤ دەگەینێ،لەوکاتە تۆ حەز دەکەی چەند کارێک یان چەند ئیشێکی گەورە بکەی بەڵام کاتەکان بەخێرایی دەڕواو کات لەبەردەمت کەم دەمێنێ،بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ دەبێ بزانی رۆڵت چییە چۆن بەو کارانە هەڵدەستیت نابێ کۆنترۆڵی خۆت لە دەست بدەی و نەهێلی گرفتە دەرونیەکە بەسەرتدا زاڵ بێ و پاڵەپەستۆت بەرزبێتەوە.لێرە پێویستیت بە زانیاری وردو دروست هەیە، هەندێ جار ئەگەر نەتتوانی هەست و بۆ چۆنت دیاری بکەی هەوڵ بدە کارەکانت لەسەر کاغەز بنووسەو بەشێوەی نامە نووسین دەریان ببڕن.

٢-رێکخستنی شێوەی ژیان و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی گرفتی دەروونی:

کاتێ مرۆڤ هەست بە گوناهێک یان کارێکی هەلە دەکا یان نەتتوانی وەک پێویست رێز لە بەرامبەرەکەت بگری رەنگە لەو حاڵەتەدا هەست بە خەمۆکی بکەی، پێویستە هەردەم هێزوتواناى خۆت دەرببڕی بەڵام لە قالبێکی نەرم پلانەکانت جێبەجێ بکەی بۆ ئەو کێشانەی رووبەرووت دەبێتەوە، دەبێ پێشبینی ئەو رێگایانە بکەی کە چۆن دەتوانی خۆت بگونجێنی، ئەو بارە قورسەی کەوتۆتە سەرشانت لابەریت، لەوکاتەدا پێویستیت بە پشوودان هەیە، ئەبێ لەکاتێکی دیاریکراو وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسی بەرامبەرەکەت دیاری بکەی،بەلایەنی کەمەوە پێویستە ١٥ خولەکت لەبەردەمدا بێ بۆ بیرکردنەوە دواتر هەوڵ بدە خۆت بە وەرزش کردن یان بە خوێندنەوە خەریک بکە، ئەگەر هەستت بەماندووبوون و دڵتەنگی کرد ئەبێ پشوو بدەی لەماوەی هەفتەیەکدا یان لەنێوان چەند رۆژێکدا، یان جاروبار خۆت بە تەلەفۆن خەریک بکە پەیوەندی بە ئازیزەکانت بکە، خۆت لە گۆشەگیری دووربخەوە چونکە دەبێتە هۆیەک بۆ تووش بوون بەنەخۆشیەکانی دڵ.

٣-دووربکەوە لە خواردنەوەو بەکارهێنانی مادده کهولیەکان و بێهۆشکەرەکان، مرۆڤ دەتوانی رابکا بەڵام تارادەیەک ناتوانێ خۆی بشارێتەوە، چونکە بەکارهێنانی ئەم ماددانە جۆرێکە لە راکردن، وەلێ ناتوانی رابکەی و خۆت لەو گیروگرفتانە رزگار بکەی ئەمانە کێشەی دەروونی و تەندروستیت بۆ زیاد دەکا،بەکارهێنانی مادە کهولیەکان و بێهۆشکەرەکان زیاد لە پێویست، گرفتت بۆ زیاد دەکەن.(نیکۆتین) مادەیەکی زۆر مەترسیدارو خراپە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، هەوڵ بدە لە هەموو جۆرە توتنێک دووربکەوە، جگە لەوە (ئەلکافین)یش زەرەروزیان بە تەندروستیت و باری دەروونیت دەگەینێ و لێدانی دڵ خێرا دەکا.

٤-وەرزش:

وەرزش کاریگەریەکی باشی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ و بەهێزکردنی جەستەی، هەروەها لەشی مرۆڤ چوست و چالاکتر دەکاو باری دەروونی مرۆڤ هێوردەکاتەوەو هێزو توانا دەبەخشێتە هەموو ئەندامانی لەش و بوارت بۆ دەرەخسێنێ کە بەهۆیەوە بتوانی برادەر بە دەست بێنی و تۆری یەکترناسین و برادەرایەتی فراوانتربکەی.

٥-خەوتن:

خەوتن زۆر پێویستە بۆ لەشی ئادەمیزاد و هێورکردنەوەی باری دەروونی، چونکە خەوتن هیلاکی و ماندووبوون کەم دەکاتەوە یارمەتی ئەقلی مرۆڤ دەدا بحەسێتەوە.مرۆڤ هەیە رۆژانە لە ٧ تا ٩ کاتژمێر دەخەوێ،بەڵام ماوەی خەوتن لە مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە،هەروەها منداڵ و گەنجی تازە پێگەیشتوو زیاتر پێویستیان بە خەوتن هەیە بە پێچەوانەی پیرو بە ساڵاچووەکان ئەمانە وادەی خەوتنیان کەمترە.

چەند ئامۆژگارییەکی بەسوود بۆ خەوتن

١-دانانی خشتەیەکی کاتی رێک وپێک بۆ چوونە ناو جێگا، هەروەها دیارکردنی کاتی بە ئاگابوون.

٢-پێویستە جێگای خەوتن و پێخەفەکانت گونجاو لەباربێت، ئەبێ ئەو شوێنە تەنیا بۆ مەبەستی خەوتن بەکاربێت، وە لەکاتی خوێندنەوەو تەماشاکردنی تەلەفزیۆن واباشترە لەسەر کورسیدا دابنیشی.

٣-دەبێ کەش وهەوای ئەو ژوورەی کەتیایدا دەخەویت هێمن و کشومات بێ، ئەبێ شوێنی هەوا گۆڕینی تیابێ و پلەی ساردی وگەرمی لەباربێت.

٤-وەرزش کردن و راهێنانی هەندێ چالاکی پێش خەوتن.

٥-دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی (کافین وکهول)بەتایبەتی لەکاتی درەنگە شەودا، ئەگەر لەشەودا هەستت بەبرسی بوون کرد پێویستە خواردنێکی سووک بخۆیت.

٦-ئەگەر دوای راکشان خەو نەچووە چاوانت، بەردەوام مەبە لە راکشان،لەناو جێگاکەت وەرە دەرەوەو خۆت بەشتێک خەریک بکە ئینجا جارێکی تر بچۆرەوە ناو جێگاکەت.

**سەرچاوە: سایتی بوکرا**
**وەرگێرانی:رزگاری**

# خواردنەوەی قاوە دوای وەرزشکردن ئێشوئازاری ماسولکەکان کەمدەکاتەوە



لە توێژینەوەیەکی زانستی تازەدا لەدوا ژمارەی (جورنال ئوف باین) هاتووە کە خواردنەوەی چەند قومێک لە نیکوتین یان رۆژانە خواردنەوەی فنجانێک یان دوان لە قاوە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ئازاری ماسولکەکان بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە دوای وەرزش بەکاری دەهێنن. هەروەها چەند توێژەرێکی زانکۆی جورجیا گەیشتوونە ئەو ئەنجامەی کە ئەوانەی بەردەوام بەشێوەیەکی رێک وپێک نیکوتین و قاوە بەکاردەهێنن مەرج نیە هەمان ئەنجامی لێ چاوەروان بکرێ و کەمتر تووشی کاریگەری حساسیە دەبن. هەر ئەم توێژەرانە چەند تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر (٩) قوتابی کچ ئەنجام داوە کە بە بەردەوام (کافین)یان نەدەخواردەوەو هیچ جموجۆڵ و چالاکیەکی وەرزشیان نەبوو بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی ماسولکەکانیان ئەم کۆمەڵە کچانە بۆ ماوەی (٢) رۆژ خرانە ژێر مەشق کردنی وەرزشی لە دواییدا دەرکەوت کە ئەم وەرزشە بۆ ئەو کچانە بۆتە ئێش و ئازار پێگەیاندنی ماسولکەکانیان پاش ئەوە (کافین)و دەرمانی تریان درایێ دەرکەوت هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکانیان ناچار بوون هەڵسان بە ئەنجامدانی وەرزشکردن بۆ رانەکانیان.

بەڵام ئەوانەی کە (کافین)یان بە کاردەهێنا ئازارەکانیان بەرێژەی ٤٨٪ کەمتر بوو بە جیا لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە دەرمانی هێورکردنەوەیان بەکاردەهێنا مەشقێکی چروپڕیان دەکرد لەسەر رانەکانیان.

پرۆفیسۆر (باتریک ئوکونەر) یەکێک بوو لەم توێژینەوەو بەشداری کردووەو رایگەیاندووە کەوا (کافین) کاریگەری هەیە لەسەر کەم کردنەوەی ئێش و ئازارەکانی ماسولکەکان. هەروەها لەم توێژینەوەیە ئەوەیان دەرخستووە ئەو کەسانە بەهیچ شێوەیەک نابێت پێش وەرزشکردن قاوە بخۆنەوە چونکە قاوە برێکی زۆری مادەی (ئەلکافین)ی تیایە دەبێتە مەترسی بۆ تەندروستی مرۆڤ وەک دڵتەنگی و تێکدانی کاتەکانی خەوتن.

**وەگێڕانی: رزگاری**
**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

## شانۆگەری دەرگا

# دەرگایەک بەسەر خۆشەویستیدا، دەروازەیەک بۆ یاخیبوون لە تاریکی



**ڤینۆس فایەق - هۆڵەندا**

لە دوا دیمەنی شانۆگەری (دەرگا) کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو (کامەران رەئووف)، نووسینی (یوسف سائغ) و (جەمال غەمبار) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە دوا دیمەنیدا ژن و پیاوەکەی پاڵەوانی شانۆگەریەکە خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا ئەکەن، کەچی کارکردی وشەی (خۆشەویستی) هەروەک گێژەلۆکەیەک ئەکەوێتەوە لەناو گۆڕەکەدا، و بە رووناکی ئەقڵیشێتەوە، و لەسەر مۆسیقای شۆپان هەردوکیان دەست دەکەن بە سەماکردن و داوا لە بینەرانی شانۆگەریەکە دەکەن بێنە سەر شانۆ و لەگەڵیاندا سەما بکەن، هەروەک خۆشەویستی ڕێگای بۆ رووناککردبنەوە..

جلوبەرگی ئەکتەرەکان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێژوویی جیاواز، ئەوەش وەک هێمایەک بۆ ئەوەی زوڵم و جەور و چەوسانەوە لەهەموو دەمێکدا هەیە، هەروەها مۆسیقاکانیش جۆراوجۆرن، سیمفۆنیای (شەهرەزاد)ی (ریمسکی کارزاکۆف) و چەند پارچەیەک لە مۆسیاقای (ڤالس)ی (شۆپان) و چەند مۆسیقایەکی تری نوێ..

شانۆگەری (دەرگا) لە بەرهەمهێنانی تیپی شانۆگەری (ئارک) بە هاریکاری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان..

ئەم شانۆگەریە سەرەتای مانگی (ئایار)ی داهاتوو لەگەڵ کاستێکی هۆڵەندی لە هۆڵەندا نمایش دەکرێت.

و لەم رۆژانەی خوارەوە لەم شوێنانەش نمایش دەکرصت..

٢-٢٠٠٧/٢/٣ بەرلین لە ئەڵمانیا
١٠-٢٠٠٧/١١ هانۆڤەر لە ئەڵمانیا
٢٤-٢٠٠٧/٢/٢٥ بۆتۆبۆری لە سوید
٢-٣-٢٠٠٧/٣/٤ ستۆکهۆڵم لە سوید لەسەر بانگهێشتی تیپی شاهنشاهی سویدی.

ئەکتەرەکانی رۆڵ دەبینن:
شەماڵی عەبەڕەش، شادان فۆئاد، سیروان جەمال، سۆران ئیسماعیل

بیرۆکەی شانۆگەریەکە بریتیە لە قەسیدەیەکی شانۆگەری بۆ بەرزڕاگرتنی بەهای خۆشەویستی و ژیان، و وەستان لە دژی تاریکی و مردن و بیرۆکە توندڕەوەکان کە لەبەردەم وەدیهاتنی ئاشتی و ئەماندا ئەوەستن، کە پێویست دەکات یاخی بین لێیان و وەکوو دەرگایەک بیشکێنین کە ڕێگە نادات رووناکی و ژیان بێنە ژوورەوە..

# مراوییەک بێچووەکانی بەکاردێنێ بۆ دزینی پارە؟؟!!



**ئەو مراویەی کە لەم وێنەیەدا دەرکەوتووە، زۆر وریاو زیرەکە، بێچووەکانی خۆی بەکاردێنێ بۆ دزین، بەڵام ئاخۆ دەبێ چ بدزێ؟!!**
**دەزانێ چۆن هەوڵ بدا لە ڕێگای پێچوەکانیەوە پارە بدزێت.**
**ماوەتەوە بڵێین دەبێ ئەم مراویە ئەم پارەیەی بۆ چی بێت؟ ئەمەش پرسیارێکی سەرنج ڕاکێشە.**

# دووەم بەتەمەنترین پیاوی ئێرانی ١٢١ ساڵە

یوسف کەریم ئەلباغی دووەمین بەتەمەنترین مرۆڤ دادەنرێ لە ئێران، رۆژنامەی (ئەلقەوامی) ناوخۆی ئێران لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەکەسێک کردووە کەوا تەمەنی ١٢١ ساڵەو تەندروستی زۆرچاکە (ئەلباغی) بە بەردەوام رۆنی زەیتون دەخوا، هیچ خواردنەوەیەکی نا سروشتی ناخواتەوە، هەروەها ناوبراو (٢٩) نەوەی لە (٤) کوڕو (٣) کچ هەیە.

# تەلەفۆنی گەرۆک بە تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت دەبەسترێتەوە

دەیان سیستەمی تەکنۆلۆژی و ئەلیکترۆنی تازە لە پیشانگایەکی ئەلکترۆنی لەشاری (لاس فیگاس)ی ئەمریکی خرایە روو، ئەم پیشانگایە ئەلیکترۆنیە بە دەیان ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ بەرهەم هێنانیشیان درابوو کە بەدەیان سیستەمی تەکنۆلۆژی و ئەلیکترۆنی تازەی لە خۆوە گرتبوو.

هەر لەم پیشانگایەدا (ئامێری نوکیا) خرابووە روو زۆر بەئاسانی دەیتوانی لەگەڵ تۆری زانیاری جیهانی بەهۆی ئامێری بێ تەلی (وای -فای) ببەسترێتەوە هەر ئەم ئامێرە شاشەیەکی بچوکی لەگەڵە ئەم شاشەیە زۆر هەستیارە دەتوانی بە ئاسانی لەبواری ئەنتەرنێت سوودی لێ وەربگیرێ.

جگە لەمە کۆمپانیای (ئێل جی)یش ئامێرێکی خستبووە روو بەناوی (ڤی ئێکس) ٩٤٠٠٩٤٠٠*٧ ئەمەو کۆمپانیای (هایان ۆون)یش ئامێرێکی بەناوی (مۆبلی بلو) خستە بەرچاوی میوانەکان لەم ئامێرە مۆسیقایەکی بچوکی پێوەبوو کە بە پەنجەکان دەستکاری دەکرد.

# دولی شاهین لەلوبنان گۆرانی دەڵێ

گۆرانی بێژ (دولی شاهین) بە گەشتێک گەیشتە خاکی لوبنان بۆ وێنەگرتنی تازەترین گۆرانیەکانی بەناوی (عایزنی اقولک) بەرێگای ڤیدیۆ کلیپ (عادل عبداللە)ی راوێژکاری راگەیاندنی (دولی شاهین) رایگەیاندووە کەوا (دولی) ماوەی چەند رۆژێک دەبێ لە لوبنانە بۆ وێنەگرتنی گۆرانی ناوبراو وە هەروەها وابڕیارە کە ئەم گۆرانیە لە مانگی شوباتی داهاتوو لە رۆژی خۆشەویستی لە کەناڵە ئاسمانیەکان پەخش بکرێ.

# لەتورکیا ئافرەتێک کراسێکی بوکێنی دژی گوللە دروستدەکا

لەشاری ئەزمیری رۆژئاوای تورکیا ئافرەتێک بەناوی (حەنیفە جتینار) توانی کراسێکی بوکێنی دروست بکا کە گوللە نەیبڕێت ئەویش بەهۆی دروستکردنی بەروانکەیەکی پۆڵا لەلای پێشەوەی کراسەکەی قایمکراوە وەک ئەوانەی پۆلیس لەبەری دەکەن.

(حەنیفە) دەڵێ ماوەیەکە بیرم لە دروست کردنی ئەوجۆرە کراسە کردۆتەوە، چونکە من زۆرجار ئەوەم کردووە لە هەندێ ناوچەی تورکیا لەکاتی ئاهەنگ گێڕانی بووک و زاوا خەڵکەکە تەقەی خۆشی دەکەن زۆرجار لە ئەنجامی ئەو تەقانە (بووک و زاوا) یان خەڵکی بێ گوناە دەبنە قوربانی ئەم گوللە کوێرانەو لەچەند ئاهەنگێک بەهۆی ئەم تەقانە چەند کەسێک لە رووداوی جیاجیا گیانیان لە دەست داوە، بۆ پاراستنی ژیانی بووک ئەم کراسەم داهێناوە.

## بەبێ توانج




فۆتۆ: ڕێبوار ڕۆستەم

## مینبەری واڵا



# (زەعیفە) ئەو وشەیەیە کە دەروونم ئازار دەدات

**ئاتیق عوزێری**

**ئەو کۆمەڵگایەی کەمتر رۆڵی ئافرەتی تێدایە کەمتر مرۆڤایەتیە**

گومانی تێدانیە گەر سەیری ئەرکەکانی ئافرەت بکەین لەم سەدە نوێیەدا دەبینین ئافرەت چەندین رۆڵی هەیە بۆ نموونە: لەبواری کۆمەڵایەتیدا دەتوانێ رۆڵی دایک ببینێ و نەوەی دوارۆژ پێ بگەیەنێت و هەروەها ماڵ بەڕێوەبەرێت لە هەمانکاتدا زۆرێک لە ئافرەتان لەدام ودەزگا حکومیەکاندا شان بەشانی پیاوان بگرە زۆر لە پیاوان دڵسۆزتر کار دەکەن،جگە لەمانە هەندێک لە ئافرەتان زیاتر توانای خۆیان دەخەنەکار ولەبواری سیاسەتدا کار دەکەن کە دەسەڵاتی بریاردان و پێدانی شوێن و باری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، ئەگەر بەراوردێکیش بکەین دەردەکەوێت ژنان لە پیاوان زیاتر کاردەکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرسورمانە وشەیەک ئەم هەموو ماندوێتی و ئەرکە گرنگانەی ئافرەت بەهیچ سەیر دەکات و لەبری هەموو دەستخۆشی و رێزلێنانێک بۆ ئافرەتەکە بگرە بە بەردەوامی دەروونی ئازار دەدرێ لە زۆربەی ماڵ و خێزانێکی ئەم کۆمەڵگایە بگرە هەندێ لە رۆشنبیرانیش وشەی (زەعیفە) بەکاردێنن، بەداخەوە ئەم وشەیە لاوازی و کەم توانایی ئافرەت دەگەیەنێ کە پێچەوانەی سروشت و توانای ئافرەتە بەڵام وشەی (زەعیفە) کە کوێرانە بەکاردێ کەی هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ژیری و راستی کە ئافرەت لەسەر حسابی لاشەی خۆی ئەو هەموو قوربانیە دەدات کەچی هێشتا (زەعیفە)یە، مایەی سەرسوڕمانە زۆربەی کات لە لایەن هاو رەگەزەکەیەوە رووبەرووی دەکرێتەوە هەر دایکانە بە کچەکانیان دەڵێن تۆ زەعیفەی، ئەگەر پیاوێک چەند کچێکی هەبێت هەست بە تەنگژەیەکی دەروونی دەکات چونکە زۆرجار پێی دەوترێت خاوەنی برێ زەعیفەیە یاخود ئەگەر تەنها کچێکی هەبێت و کوڕی نەبێت پێی دەوترێت (وەجاخی کوێرە) کە ئەمەیان خراپترین بۆچوونەو سرینەوەی کچانە ئەو وشەیە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر دەروونی ئەو کچانە ئەوەندە ئەوەی پێوتراوە لە منداڵیەوە دەستەوەستان دەبێت لەبەردەم مافەکانی و بە رادەیەک کاتێ هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن بە تەواوەتی ئەم ئاوازە لە ژیانیاندا رەنگدەداتەوە و کەمتر درک بە مافەکانی خۆی دەکات کاتێکیش دەبێت بەخاوەنی کچێک بۆ ترساندن و چەوساندنەوەی کچەکەی بەکاردێنێت. چونکە وشەکە بووە بەراستیەک لای بە جۆرێک کە ئافرەت تاماوە دەبێت هەر (زەعیفە) بێت، بۆ سرینەوەی ئەو کلتورەی کە ژن بە (زەعیفە) ناو دەبات بە پلەی یەکەم ژنان دەبێت خۆیان کاربکەن بۆ سرینەوەی ئەو داب ونەریتە نەشیاوەی ناو کۆمەڵگا کورد وتەنی (من خۆم دەزانم کوێم دێشێ)، بۆیە دەبێت ئافرەتان لە خۆیان و خانەوادەکەی خۆیانەوە دەست پێ بکەن تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا بەگشتی ناچار دەکەن بۆ گۆرینی ئەو نەریتە نەشیاوە ئەوەش بەنەفەسێکی شۆرشگێرانەوە دەبێت بۆ سرینەوەی هەر داب ونەریتێک کە ژن بەکەم سەیر بکات و مافەکانی پێشێل بکات.

ڕزگاری
ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٥/٣٠ دەرچووە

خاوەنی ئیمتیاز
ڕۆستەم محەمەد ئەمین حەللاق

سەرنووسەر
بەهرەوەر مەرزانی
bahrawar_s@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
کوردۆ ساڵح

بەڕێوەبەری نووسین
ڕێبوار ڕۆستەم

بەڕێوەبەری هونەری
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد

جگە لە سەروتارو مانشێتی رۆژنامەکەمان گشت بابەتەکان دەربڕین لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن

rizgarypksk@yahoo.com
ناونیشان
هەولێر-شەقامی کۆیە-بەرامبەر نەخۆشخانەی رەسوڵی تایبەت. ت:٢٢٧٢٨٩٥
سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - سەرووی فولکەی خاڵە حاجی